# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی پێنجەم ژمارە(105) بەرواری 15-10-2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


**ئەگەر پارتی لەنۆکەر پیشەیی خۆی لە ٣١ ئابدا، توانی باڵانسی هێزو قەڵەمڕەوی سیاسی خۆی لەبەرامبەر یەکێتیدا دابسەپێنێت و بیکاتە ئەمری واقعی کوردستان و یەکێتی و هێزەکانی تریش ناچار بکات، ئەو تاڵاوە بچێژن. ئەوا یەکێتی بەهۆی ١٦ ئابەوە، بووە قوربانییە سەرەکیەکە و دۆڕاو لە گەمە و پیشبرکێی کرێگرتەیەدا...**

## قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار و چاوچنۆکی سەرمایە! لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ڕۆژدا، پێنج کرێکار گیانیان لەدەستداوە...



بەرواری ١١ی ئۆکتۆبەر لاوێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بەناوی "محەمە باقی" خەڵکی ناحیەی خورماڵ، لەکاتی کارکردنیدا بەهۆی تەزووی کارەباوە گیان لەدەست دەدات.

٩ی ئۆکتۆبەری ئەم مانگە، لەگەرەکی شەهیدانی قەزای کەلار کرێکارێک بە ناوی "محەمەد شێرکۆ" لەدایک بووی ساڵی ٢٠٠٥ لەکاتی کارکردندا، بەهۆی تەزوی کارەباوە گیان لەدەست دەدات...

بۆ لاپەڕە 3

## چینی کرێکاری ئێران، بە تەوژمێکی زۆترەوە هاتۆتەوە مەیدان...!

لە درێژەی مانگرتن و کۆبونەوە و خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی کرێکاران و جەماوەری بێبەشەی ئێراندا، جارێکی تر کریکارانی ئیران بە عەزمێکی گەورەترەوە، بە ئامادەییەکی زیاترو، بەشێوەیەکی ڕێکخراوتر و بە هۆشیاریەکی چینایەتی باڵاترەوە، لەچەندین کارگەو کارخانە و شادەماری بەرهەمهێنان و لەچەندین شوین و شارو ناوچەدا، دەستیان داوەتەوە، کۆبونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان و هێنانەگۆڕی داخوازییەکانیان.




لەپێش هەموویانەوە جارێکی تر کریکارانی نشگییر هەفت تەپە دوای خامۆشیەکی کاتی دوبارە دەستیان داوەتەوە مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاریی... دەستپیکردنەوەی ئەم دەورە نوێیەو هاتنەوە مەیدانی کرێکارانی نشگیری هەفت تەپە لە...

بۆ لاپەڕە 3

## بایکۆتی هەڵبژاردن درێژەی نارەزایەتییەکانە و هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕاماڵینی دەسەڵات ل3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* خەڵکی کوردستان لەسیناریۆی ئەمجارەی هەڵبژاردندا......................ل4
*بزوتنەوەی شورایی بۆ ئیدارەدانی شورایی..........................................ل5
*ئەو هۆکارانەی خۆری بزوتنەوەی گۆڕانی بەرەو ئاوابوون برد...................ل10


## لە چوارەمین ساڵیادی ١٦ ئۆکتۆبەر و نۆکەر پیشەیی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا هاوڕێ ئاراس ڕەشید وەڵامی چەند پرسیارێکی بۆپێشەوە دەداتەوە...ل11



## ودی ژمارە

## شکست هێنان بەهەڵبژاردن، بەشێك بوو لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ڕاماڵینی دەسەڵات!

بەرواری ١٠ ی ئۆکتۆبەر، هەڵبژاردنی پێش وەختە بۆ پەرلەمانی عێراق لەسەرتاسەری عێراق بەڕێوە چوو. دیارە ئەم هەڵبژاردنە لەئاکامی ڕاپەرین و بزوتنەوەی فراوانی جەماوەری لە عێراقدا بەسەر دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازیدا سەپێنرا. سەرەتا حکومەتی توشی هەڵوەشانەوە کرد و پاشانیش حکومەتی ناچار کرد دەست ببات بۆ هەڵبژاردنی پێش وەختە.



ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر ساڵی ٢٠١٩، جوڵانەوەیەکی هێندە گەورە بوو، کە لەمێژووی سیاسی عێراقدا کەم وێنەو ناوازە بوو. پایەی چینایەتی ئەم ڕاپەرینە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش و لاوانی بێبەشکراو بوون. خواستی هەلی کار و خزمەتگوزاری، ئەمنیەت و وەستانەوە بەرووی دزی و تاڵانی و نۆکەرپیشەیی دەسەڵات بۆ وڵاتانی ناوچەکە بوو. ناوەندی شارەکان و گۆڕەپانەکان ببوونە مەیدانی کۆبونەوەی دەیان هەزار کەسی، دەنگی نارەزایەتی و شەپوری ڕاماڵین و بڕۆن" ارحل" ببووە نمایشێکی چینایەتی مەزن. بۆرژوای عیراقی هەموو ڕیگایەکی گرتەبەر بۆ پاشەکشەپێکردن بەم بزوتنەوەیەو شکست پێدانی، لەو ڕێگایەشدا فریوکاری و سەرکوت و کوشتار و زیندانی، تیرۆری ڕابەرانی... بەدەستەوە گرت، بەڵام بەشوێنێک نەگەیشت و سەرئەنجام ئەم بزوتنەوەیە مێژووی سیاسی عێراقی گۆڕی، کە گێرانەوەی بۆ بەر لە ئۆکتۆبەر لەتوانادا نییەو لە مێژووی راپەرینی جەماوەریشدا، بۆ دەیان ساڵی تر دەمێنێتەوە. ڤایرۆسی کۆرۆنا، بووە خێر وبەرەکەتێک چونکە رابەران و هەڵسوڕاوانی جەماوەری و خۆپیشاندانەکانی ناچار کرد کە بڕیاری راگرتنی خۆپیشاندانەکان و چۆڵکردنی شەقام و گۆرەپان و ناوەندی شارەکان، لە پێناو تەندروستی گشتیدا بدەن.

دەسەڵاتی بۆژوازی عێراقی، لەچوارچێوەی دەیان بەڵێندا، ناچار بوون حکومەت هەڵبوەشێنەوە و

بۆ لاپەڕە 2


گۆشەی پرسی ڕۆژ...؟...ل5

پرسی ژن ل 7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

پاشانیش بریاری هەڵبژاردنی پێش وەختە بە خۆپیشاندەران بدەن. ئامانجی سەرەکیشیان ئەوە بوو، لەلایەکەوە ویستی راپەڕین و خرۆشانی جەماوەری بۆ ڕامالین پاشەکشە پێبکەن و پاشانیش ئارایشیکی تازە ببەخشنە ریزەکانیان، کە توانای بەرگری لە سیستەمی سیاسی بۆرژوای هەبێت.

بۆرژوازی کورد لە کوردستاندا، کە ئەویش لەبەردەم بزوتنەوە و خرۆشانی بەردەوامی جەماوەری بێبەش و نەداردا بوو، پێشوازی لە هەڵبژاردنی پێش وەختەکرد. ئامانجی بۆرژوازی کورد لە هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەوە بوو، پێش وەختە، هەنگاو بە ئاقاری خاوکردنەوەی تورەیی جەماوەریدا بنێت و ئەم بزوتنەوەیە پاشەکشە پێبکات و لە داخوازییەکانی بیهێنێتە خوارەوە. لە داخوازی ڕامالینەوە بیگوازێتەوە بۆ داخوازی داواکارییەکان و بزوتنەوە نارەزایەتیەکان سەرجەم دەسەڵات نەکەنە نیشانەو خالّی کۆتایی دانەنێن بۆ دەسەڵات.

لەم چوارچێوەیەدا بۆرژوازی کورد... کەوتنە بەخشینەوەی دەیان و سەدان بەڵێن و وادەی گەورە، پان و تیژ، قولّ و هەمەگیر، محەلی و سەراسەری... بەتایبەتیریش فۆکوسیان کردە سەر بەدەستەوەگرتنی پرسی کورد و کێشەی نەتەوەیی، لەبەرامبەر بە شۆڤینیزمی عەرەبی و ئیسلامی و تورکی. بەخەڵکی کوردستانیان دەوت ئەم هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمانی عێراقە، دەیان وت ئەم هەڵبژاردنە پەیوەستە بە سەنگ و پێگەی کوردەوە لە بەغدا، دەیان وت ئەگەر خەڵک بەشداری هەڵبژاردن بکات و دەنگ بە کورد بدات، ئەوا مافەکانی خەڵکی کوردستان کە لە دەستوردا هاتووە، جێبەجێ دەکەین و مادەی ١٤٠ دەهێنینەوە سەر میزی دانوستاندن، دۆخی کەرکوک ئاسایی دەکەنەوەو دەسەڵات دەگێڕینەوە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان، شایستە دارایەکانی هەریمی کوردستان زامن دەکەین،...تاد. هەموو ئەم درۆ شاخدارانەیان دەبەخشیەوە لە کاتێکدا بەدریژایی بوونیان لە بەغداو دەستخستنە ناو هاوپەیمانەکانیان، تا هاتووە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و مافە زۆر سادەو سەرەتاییەکانیان بەرەو نەمان بردووە خودی کێشەی خەلکی کوردستانیشیان، ئاڵۆزتر و پر کێشە کردووە. فیدرالیزمی پوچی قەومی بۆتە بار بەسەر کێشەی رەوای خەڵکی کورستانەوە... باسی کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکانیان دەکرد، لە کاتێکدا زیاتر لە دەهەو نیوێک دەسەڵاتی کەرکوک و ناوچە کیشەلەسەرەکان بەدەستی خۆیانەوە بوو، کەچی لەڕیگای سەرانی مافیایانەوە، لەڕیگای دوو دەزگای ئاسایش و دوو پۆلیس و دوو هیزی پیشمەرگەی حزبی و هەواڵگری و باندی جاسوسیەوە، ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی کەرکوک و ناوچە کیشەلەسەرەکانیان، بەرەو وێرانی بردبوو، تەفرەقەی قەومییان قولّ دەکردەوە، ماف و خزمەتگوازرییەکانیان بە مەتری دەسەڵاتی حزبی دەپێوا... کەچی لەم هەڵبژاردنەدا بەدرۆی بەرگری لەکەرکوکی "دڵ" و "قودس" کوردستان، دەیانەویست خەڵکی کوردنشینی کەرکوک فریوبدەن و بە ترساندنیان بە دیوەزمەی ناسیونالیزم و شۆڤینیزمی عەرەبی و تورکی، خەڵکی راپیچی بەردەم سندوقەکانی دەنگدان بکەن.

لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، جیاوازی بەرینی چینایەتی بێداد دەکات. لەلایەکەوە سەرمایەدارەکان هەڵدەتۆقن و سەرمایەکەیان بەخێرای زۆرەوە هەڵدەکشێت، لەبەرامبەردا چینی کریکار و بێبەشان، هەژارتر و برسیتر و بێمافتر و دەبن و بە ئۆردوی هەژارییەوە پەیوەست دەبن، موچە کەمە و نادرێت و لێی دەبڕدرێت، یاسایەک نییە بەرگری لەمافی زۆر سادەی کریکاران بکات، دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە نییە، بێکاری بێداد دەکات و بیمەیەکی بیکاری بوونی نییە، و رۆژانە لاوانی ئامادەبەکار بۆ ئۆردوی بێکارانەوە پەیوەست دەبن. خزمەتگوازرییە زۆر سەرەتاییەکانی وەکو ئاو و کارەبا و سوتەمەنی، خویندن و پەروەردە و تەندروستی، شارەوانی، ڕیگا وبان.... بەرەو وێرانی چوون و دەسەڵات خەریکی هەرزان فرۆشیانە بە کەرتی تایبەتی و شانی خۆی لەهەموو بەرپرسیاریەتیەک خالّی دەکاتەوە و لەداسەپاندنی باج و سەرانەشدا، بەردەوامە. یاسا و ریسا کۆنەپەرستەکان پەرە پێدەدەن و دەمەزەردیان دەکەنەوە، کەشی ئاواڵەی سیاسی بەسەرکوتی سیاسی بەرەو قوفڵ لێدان دەبەن، لەسەر داوای موچە و خزمەتگوزاری خۆپیشاندەران بەر دەستریژی گوللە دەدەن و لە زیندانیان توند دەکەن و تۆمەتیان دەخەنە پالّ و بی دادگایی بەساڵ لە گرتوخانەکاندا رایان دەگرن. سەرەتاییترین مافە فەردی و مەدەنیەکان لەبەردەم هەرەشەی چەک و میلیشیادان، ئاسایش و ئەمنیەتیکی سەقامگیر بوونی نییەو هەموو کات و سەعاتیک دەشێت هێزیکی وەکو حەشدی شەعبی، داعش، لەشکرکیشی ولاتیک، دۆخی هەرێمی کوردستان بەسەریەکدا برمێنێت. ئاییندەی سیاسی کوردستان، نادیارە... نۆکەر پیشەیی ئاشکرایەو ولّاتانی ناوچەکە لە قولّایی کوردستاندا تەراتین دەکەن و هێرش دەکەنە سەر هێزە سیاسیە دژ بەرەکانیان... دزی و تالّانی ئاشکراو نهێنی، بی ئەوپەرەو رۆژانە لەزمانی خۆیانەوە تۆماری دزی و تالّانی رادەگەیەنرێت. حکومەت و پەرلەمان بوونەتە بار بەسەر شانی هاوڵاتیان و داهاتەوە. موچەی وەزیر و راوێژکارەکانیان، موچەی سەرۆکایەتی هەرێم و راوێژکارو ئیمتیازەکانیان، موچە پەرلەمان و ئەندام پەرلەمان وئیمتیازەکانیان، موچەی بەرێوەبەرە گشتییەکان، تەنانەت موچەی خانەنشینییان بە بەراورد بە موچەی کریکاران و کارمەندان، بەیانی دزییەکی ئاشکرا و تالّانیەک بێسنور دەکات کە بەیاسایی کراوە.

جەماوەری عێراق و کوردستان، لەبەرامبەر بەو دۆزەخەدا کە هێزە سیاسییە بۆرژوازییە قەومی و دینیەکان، بەدەسەلات و بە ئۆپۆزیسیۆنەوە خولّقاندویانە، هیچ رێگاو دەرەتانێکیان بۆ نەماوەتەوە جگە لە خەبات بۆ رامالّین و بەشکست کێشانی پلان و نەخشەو ئامانجەکانیان. لەو نێوەدا بە شکست کێشانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، لەدرێژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئۆکتۆبەری سالی ٢٠١٩ ی خوار و ناوەراستی عیراق و لە کوردستانیش لەدریژەی بزوتنەوەی نارەزایەتی و خرۆشان و خۆپیشاندانی بەردەوامدا، بوو. بەشکست کێشانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، لەڕیگای بەشداری نەکردنی ملیۆنییەوە و خالّی راگرتنی بنکەو بازنەکانی دەنگدان و بەخشینی سیمای مانگرتنی گشتی بەدژی هەڵبژاردندا، وەڵامی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری عێراق و کوردستان بوو بەدەسەڵاتی سیاسی وکارنامەی رەش و پرتاوانکاری و نۆکەرایەتیان. هاوکات بەیانی دریژەدان بە خەبات و نارەزایەتی شاری و جەماوەرییە.

چۆن بزوتنەوەی نارەزایەتی ئۆکتۆبەر لە عیراق و بزوتنەوەی نارەزایەتی ١٧ شوبات لەکوردستان و سالّانی دواتر ئەڵقە بە ئەڵقەی لیکهەڵپێکراوی خەباتی جەماوەرین بۆ رامالّینی دەسەڵاتی بۆرژوازی، بەشکست کیشانی ئەم هەڵبژاردنەش چووە ناو خانە و رەوتی هەمان بزوتنەوەی رامالّینی دەسەلاتەوە.

دیارە ئەمە هێشتا هەنگاوگەلێکن لەراستای هەنگاوەکانی داهاتوودا، بەشکست کێشانی هەڵبژاردن و جووتبوونی لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتیدا بۆ رامالّینی دەسەلات، پێویستی بە رێکخرابوون و یەکگرتوویی هەیە، پێویستی بە خۆجیاکردنەوەی تەواوەتی لە ئاسۆی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە بۆرژوازییەکان هەیە، سزادانی حزبەکان و رامالّینیان، بەبێ تەریک خستنەوەی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانیان و وەلانانی ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەریتەکانیان، ناکام دەمێنێتەوە. چینی کریکار و جەماوەری بێبەش لە راستای بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتیاندا، لە پێناو دنیایەکی باشتر و خالّی لەستەم نابەرابەری و بێمافی و هەلاواردن... پێویستیان بە رێکخراوبوون، کۆبونەوە لەدەوری ئاسۆی سۆشیالیستی، بە رابەری کۆمۆنیستی و سەرئەنجام بە وەریخستنی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کریکارە...

**عەبدوڵا مەحمود**

**ناوەراستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**

**چۆن بزوتنەوەی نارەزایەتی ئۆکتۆبەر لە عیراق و بزوتنەوەی نارەزایەتی ١٧ شوبات لەکوردستان و سالّانی دواتر ئەڵقە بە ئەڵقەی لیکهەڵپێکراوی خەباتی جەماوەرین بۆ رامالّینی دەسەڵاتی بۆرژوازی، بەشکست کێشانی ئەم هەڵبژاردنەش چووە ناو خانە و رەوتی هەمان بزوتنەوەی ڕامالّینی دەسەڵاتەوە...**

# درێژەی...قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار و چاوچنۆکی سەرمایە! لە ماوەی کەمتر لە ١٠ رۆژدا، پێنج کرێکار گیانیان لەدەستداوە...

٧ ئۆکتۆبەر کرێکارێکی گواستنەوەی خواردن بەناوی "ڕێکار" لە کاتی کارەکەیدا و گواستنەوەی خواردن بۆ مالان، توشی روداوی هاتوچوو دەبێت، بەم هۆیەشەوە بەسەختی بریندار دەبێت، بەلام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە، لە یەکێک لە خەستەخانەکانی شاری هەولیر گیان لەدەست دەدات.

٥ی ئۆکتۆبەر کرێکارێکی دائیرەی کارەبا بەناوی "دیار یونس" لەکاتی کارکردندا بەهۆی تەزووی کارەباوە گیان لەدەست دەدات.

بەرواری ٣ی ئۆکتۆبەر، لەیەکێک لە کارگەکانی دروستکردنی چیمەنتۆ کریکارێک بەناوی "ڕیبەر محەمەد" لەدایک بووی سالی ١٩٩٨ دەکەوێتە حەوزێکی ئاوی کارگەکەو بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات.

گیان لەدەستدانی ئەم کرێکارانە و بەردەوام بوون و زۆربوونی قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار، بە جێگایەک گەیشتووە کە کەم ڕۆژ هەیە کرێکارێک گیان لەدەست نەدات یان بریندار نەبێت... هۆکاری سەرەکی ئەم هەموو قوربانیەش، نائەمنی شوێنی کار، نەبوونی پێداویستییەکانی کار، ژینگەی نالەبار، کە خاوەن کۆمپانیاکان و سەرمایەدارەکان و لەوانەش زیاتر دەسەلاتی سیاسی لێی بەرپرسیارن، کە هیچ پارێزبەندیەکی یاسایی بۆ بەرگری لە کریکاران نییە و بەمانای وشە پاریزەری کۆمپانیاکان و سەرمایەدارانن و ئەوەی بۆیان گرنگە سود و قازانجی زۆرترە نەک گیانی کرێکاران، کە کۆمەلگە لەسەر شان و ماندووبوونی ئەوان دەچەرخێ... ڕێگایەک بۆ بەرگری و سنوردانان بۆئەم هەموو قوربانی و مەرگەساتەی کرێکاران، ڕیکخراوبوونی کریکاران و لێدانی سەنگەری خەباتکارانەیانە، بۆ گوشارهێنان بۆ خاوەن کۆمپانیاکان و سەرمایەدارەکان تا ناچار بکرێن هەلومەرجی کار و ژینگەی کار باش بکەن و قەرەبوونی قوربانیانی شوێنی کار بکەنەوە...

# درێژەی...چینی کرێکاری ئێران، بە تەوژمێکی زۆترەوە هاتۆتەوە

ڕێگای کۆبونەوەی گشتی کرێکاران و دوای قسەباس لەسەر چی کردن و خستنە رووی خواستەکانیان، نیشانەی خاراوی کەلک وەرگرتنە لە ئەزموونی پیشووی خەباتکارانەیان. سەرەکیترین خواستەکانی کرێکارانی نشیگری هەفت تەپە بریتیە لە: دانی موچە دواخراوەکانیان، بەرگری لە موکیلەکەیان بەناوی خانم زیلابی، گێرانەوەی کرێکارانی لەسەرکار دەرکراو، خواستی باشکردنی هەلومەرجی کار... تاد
هاوکات بەشێک لە کرێکارانی پترۆ کیمیایی لەوانە لە هەلدینگی کەنداو دەستان دایە کۆبونەوەو دوای کرێ یەکسان لەبەرامبەر کاری یەکسان... دەکەن و نیوەی کریکارەکانی ئەم بەشە بەشداریان تیاکردووە.
هاوکات کریکارانی گەورەترین کارگەی مەعدەنی مس لەرۆژهەلاتی ناوەراست و لەگەل کریکارانی کارخانەی ئاسن، لەبەرامبەر بە کارفەرماو بەدژی لەخوار بوونی هەقدەستەکانیان و نائەمنی شوێنی کار و بێدەربەستی دەولەت و بەرپرسان لەبەرامبەر هەلومەرجی سەختی ژیانیاندا دەستیان داوەتە مانگرتن.
دەستپیکردنەوەی مانگرتنە کریکارییەکان، هاوکاتە لەگەل شەپۆلیکی تری نارەزایەتی شارەکان لەپیناو خواستە تەرفیهیەکان و دەیان خواستی توێژە بێبەشەکانی کۆمەلگە لەوانە نارەزایەتی فراوانی مامۆستایان، پەرستاران، خانەنشینان... بەکورتی خواستی" ژیان و خۆشگوزەرانی و ئازادی" میحوەری خواستەکانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی ئێرانە.

# بایکۆتی هەلبژاردن درێژەی ناڕەزایەتیەکانە و هەنگاوێکی گرنگە بۆ ڕامالینی دەسەلات!



**نووسینی: سەردار عەبدولا حەمە**

وەک ئەوەی هەمووان دەیزانین ڕێژەی بەشداری خەلک لەم هەلبژاردنە نزمترین ئاستی بەخۆیەوە بینی لە چاو سەرجەم هەلبژاردنەکانی تر. ئەمە ئەو ڕاستیەی نیشاندا خەلک نەمتمانەی بەحیزبە قەومی و دینیەکانە نەبە پەرلەمان هەلبژاردنەکەیان و نە بەم پرۆسە سیاسیە گالتەجاریەیان . هیچ کات هەلبژاردن لە عێراق و کوردستاندا بەبێ ساختەکاری و تەزویر نەکراوە لەلایەن حیزبەکان و میلیشیاکانیانەوە. تەنانەت لەم هەلبژاردنەشدا کە گوایا لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەمەریکا وچاودێرانی ولاتانی دەرەوە بوو، نەدەبوو ئەمە ڕووی بدایە بەلام هەروەک جاران ڕووی دا. ئەوە من نیم تۆمەتی ساختەکاری و تەزویر بدەمە پال ئەم هەلبژاردنە ئەوە خودی لایەنەکانی بەشدارن کە بەلگەیان دەست کەوتووە لەم بارەوە بێجگە لەهاوپەیمانی فەتح لە ئاستی ناوەڕاست و باشوری عێراق هەریەک لە لقەکانی یەکێتی لە هەولێر و پارتی لەسلێمانی و کۆمەلی دادگەری و گۆڕان و چەند لایەنی سەرەکی بەشدار خۆیان لە سۆشیال میدیاوکەنالەکانی تەلەفزیۆنەوە ئەوەیان بەیان کردووە کە ساختەکاری و تەزویر کراوە و دەنگەکانیان دزراوەو بەلگەشیان هەیە لەم بارەوە. ئەمە خالی سەرەکییە کە خەلک باوەڕی بەم پرۆسەیە نەبێ. ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیزمی کرێکاریی هەر لەسەرەتای نەوەتەکانەوەو لە یەکەم هەلبژاردنەوە باوەڕمان بەم پرۆسەیە نەبووە ئەم پەرلەمانەمان بەگالتەجاری زانیوە و بایکۆتمان کردووە. بەدرێژایی ٣٠ سالی پەرلەمانی کوردستان و ١٨ سالی پەرلەمانی عێراق ئەو ڕاستیەیان سەلماند کەپەرلەمان شتێک نییە جگە لەهۆکارێک بۆ فریوادنی خەلک لەپێناو دزی و تالانی سامانی گشتی و خراپترکردنی باروگوزەرانی خەلک، بۆیە پرۆسەی هەلبژاردن وەک نمایشێکە بۆ ئەوەی هەر ٤ سال جارێک نارەزایەتیەکانی خەلک کپ بکەنەوە و لە کەشوهەوایەکی ئارامدا ئەم دزی و تالانیە ئەنجام بدرێ. بە تایبەتیش ئەم هەلبژاردنەی ئێستا کەبە پێشوەختە ناوی لێنرا، چونکە فشاری ڕاپەرینەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ بەغداو شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هۆکاری سەرەکی بوو. لەم هەلبژاردنەدا هەرچەندە هەولی زۆردرا لەلایەن حیزبەکانی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە کەخەلک فریوبدەنەوە ڕایانکێشنە ناو ئەم گالتەجاریە بۆ ڕزگارکردنی حیزبە دەست ڕۆشتووەکان لەدەست نارەزایەتیەکانی خەلک، بەلام سوودێکی زۆری نەبوو وە زۆربەی زۆری خەلک بایکۆتیان کرد و ناوەندەکانی دەنگدان قەرەبالغی پێوە دیار نەبوو تەنانەت تا دوا ساتەکانی دەنگدانیش ژمارەیک بنکەی دەنگدان یەک کەسیش سەردانی نەکردوون وەک میدیاکان باسی لێوە دەکەن. بەپێی ڕاگەیانراوی فەرمی کۆمۆسیۆنی هەلبژاردنەکان ٤١٪ ی خەلک بەشداری کردووە هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە ڕاست ناچێ تەنها بۆ ئەوەیە کە هەلبژاردنەکە فەرمی بکەنەوە بە پێی ستانداری نەتەوە یەکگرتووەکان بیگونجێنن، دەنا دەنگۆی ئەوە زیاترە کە ڕێژەکە لە ئاستی لە ٣٠٪ و ٢٠٪ بێت بەلگەش بۆ ئەوە دابەزینی ئاستی دەنگی حیزبەکانە بەڕێژەیەکی زۆر گەورە لە چاو هەلبژاردنی سالی ٢٠١٨ لە کاتێکا ژمارەی دانیشتوان و دەنگدەر سالانە لە زیاد بووندایە . پارتی بەتەنها خۆی زیاتر لە ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دەنگی کەمی کردووە یەکێتیش زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ دووسەد هەزار و گوڕانیش زیاتر لە ١٧٠٠٠٠ سەدوحەفتا هەزار کەمیان کردووە. کۆمەلی دادگەریش هەرکەمی کردووە یەکگرتوو وە نەوەی نوێ کەمێ دەنگیان زیادی کردوە ئەویش بەهۆی خۆشباوەڕی بەشێک لە خەلکی نارازیە لە دەسەلات بەم دوو حزبە. بە نموەنە نەوەی نوێ دەلێ مووچە دەگەڕێنیتەوە بۆ مووچەخۆران کەچی سەرۆکی جولانەوەکە ٣ مانگە خۆی مووچەی نەداوە بە کرێکار وکارمەندانی خۆی لە چاڤیلاند، خەلک هەیە ئەم ڕاستیە نازانێ بۆیە خۆشخەیال دەبێ بە درۆکانی جولانەوەی نەوەی نوێ هەروەک چۆن لە سالانی پێشووتر خەلکی نارازی خۆشباوەر بوو بە گۆڕان، ئەمجارە ئەم خۆشباوەڕیەیان پێیان نەماو یەک کورسیشیان نەهێنا هەر بەهەمان شێوە خەلکی نارازی هێشتا ماوە خۆشباوەر بێ بە نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامیش وەک دووهێزی ڕزگاری بەخش بیانبینن. بەلام بەگشتی ئەمجارە خەلکی نارازی زیاتر هۆشیار بوویەوە بەوەی بەڕێژەیەکی زۆر فراوان بایکۆتی ئەم هەلبژاردنەی کرد، لەگەل ئەوەشدا ئەو ڕێژە کەمەی خەلک بەشداری دەنگدانی کردووە کە بەشێکی لەترسی لەدەست نەدانی کارو وەزیفەکەی بووە بەشێکیش بەهۆی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی حیزبەکانی دەسەلاتەوە بووە دەبێ ئەوش لە بیر نەکەین بەشێکی بەرچاویش لەو ڕێژەیە کارتی سپیان خستوەتە سندوقەکانەوە، کەچی کۆمیسیۆن ئەم ڕێژەیە ڕاناگەیەنێ ئەمەش دیوێکی تری ناشەفاف بوونی ئەم پرۆسەی هەلبژاردنەیە. ئەگەر چی خەلک وەلامێکی جەرگ بڕێ دایەوە بەم پرۆسەیە و ڕیسوای کرد، بەلام نەیتوانی کۆتایی بێنێ بە زولم و ستەم و نایەکسانی و نەیتوانی ڕێگا بگرێ لەدزی وگەندەلی وتالانی و بێبەشکردنی لە ژیانێکی ئینسانی، بەلام هەنگاوێکی گەورەی ناوە بەرەو ئەم ئامانجە. ئیتر ئێستا کاتی خۆ ئامادە کردنە بۆ نزیککردنەوەی ئەم ئامانجە ئەویش بەخۆ ڕیکخستنیان لە دەوری یەکتر و هێنانە مەیدانی ئیرادەیان بۆ گەیشتن بەدەسەلاتی خۆیان لە شوراکانیان و دەسەلاتی شورایی. ئەمە تەنها ڕێگایە بۆ چارەسەری هەمووگرفتەکانی و بێبەشیەکانی و دەردو ئازارەکانی، وا باشترە خەلک لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستان کۆبێتەوە بۆ زووتر ڕزگار بوون لەسەرجەم مەینەتیەکانی، چونکە کۆمۆنیزمی ڕێگای ڕزگاری ئەوانە خەبات دەکا لەپێناو دەسەلاتی بەشی خوارەوەی خەلک و دەسەلاتی جەماوەری خۆیان. هەروەک چۆن هەر لەسەرەتاوە کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕایگەیاندووە ئەم هەلبژرادن و پرۆسەیە لە بەرژوەندی خەلکدا نییە و واش دەرچوو، هەر ئاواش ڕایدەگەیەنێ ڕێگای گەیشتن بەڕزگاری یەکجاری درێژەدانە بە کۆبوونەوە گشتییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و توێژە ستەم لێکراوەکان بۆ گەیشتن بەدەسەلاتی شورایی و دابینکردنی ژیانێکی یەکسان و ئازاد.

**ناوەراستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**



# خەڵکی کوردوستان لە سیناریۆی ئەمجارەی هەڵبژاردندا حیزبە بنەماڵەیی و خێڵەکیەکانی تووشی شۆك كرد.!

(بایکۆتی بە کۆمەڵی خەڵك بۆ دەنگدان شکستی بە سیناریۆی هەڵبژاردن هێنا)

نووسینی: حەسەن ڕازانی

هەڵوێستی ئەم جارەی خەڵکی کوردوستان لە بەرامبەر سیناریۆی هەڵبژاردندا، ئەو قسەو گوتانەی بەدرۆ خستەوە کە دەیان گوت جەماوەرو خەڵک هیچی پێناکرێت لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتەدا. یان دەیان گوت دەسەڵات هیچ ترسێکی لە جەماوەر نییەو خەڵک بچێت بۆ دەنگدان و نەچێت ئەو دەسەڵاتە هەر وەک خۆیەتی و مێش میوانی نابێت. بەڵام بایکۆتی ئەمجارەی خەڵکی بەشمەینەتی کوردوستان و تەنانەت بەشێکی زۆری هێزی چەکدارو ئاساییش و پۆلیسیشی، کە ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەو دەسەڵاتەبوون گرتەوە، سەلماندی کە هەر کات خەڵک بیەوێت دەتوانێت شکست بە سیناریۆیەکانی دەسەڵات بهێنێت.

لە ساڵی ٩٢ وە تاکو ئەمساڵ وا بۆ چەندین جار دەچێت دەسەڵات خەڵکی کوردوستان دەهێنێتە سەر سندوقی دەنگدان و نوێنەرانێک دەهێنێتە ناو پەڕلەمان و گوایە دەبنە نوێنەری خەڵک، بەڵام تەجروبەی خەڵک لەگەڵ ئەو پەڕلەمانەو لەگەڵ توانای ئەو نوێنەرانەدا کە ئاخۆ دەتوانن هیچ بکەن بۆ خەڵک، سەلماندی کە پەڕلەمان و نوێنەرانی خەڵک لەناو ئەو پەڕلەمانەدا تەنها سیناریۆیەو ئەوانە دەبنە نوێنەری حیزب و خێڵ و بنەماڵە. خەڵک بۆی دەرکەوت کە پەڕلەمان تەنها بڕینی قوتی خەڵک و بە هەدەردانی داهاتی گشتی و بێکاری و بێمافی بە یاسایی دەکاتەوە بۆ دەسەڵات.

ئەوەتا وردە وردە، ساڵ لە دوای ساڵ، هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن خەڵکی کوردوستان باوەڕی بە دەنگدان و هەڵبژاردن کەم دەبێتەوە. جا بۆ بەراوردکردنێکی نێوان یەکەم هەڵبژاردن کە لە ساڵی ٩٢ دا ئەنجام درا لەگەڵ تازەترین هەڵبژاردن کە لە ١٠-١٠- ٢٠٢١ دا ئەنجام درا، من تەنها یەک تێبینی کەسێک دەهێنمەوە کە خۆی شاهیدەو لە هەردووک جاراندا بەشداری کردووە. تا بزانرێت یەکەم جار خەڵک چۆن باوەڕی بە دەنگدان هەبووەو چۆن کەوتۆتە ناو تەڵەی دەسەڵاتەوە. بەڵام لە تازەترین هەڵبژاردندا بایکۆتی خەڵک موعادەلەکە پێچەوانە دەکاتەوە. ئەم جارە لەباتی ئەوەی کە خەڵک خۆی، وەک هەموو جارانی پێشوو، بکەوێتە تەڵەی دەسەڵاتەوە، خەڵک خۆی حکومەت و دەسەڵات و حیزبە بنەماڵەیی و خێڵەکیەکانی خستە ناو تەڵەکەی خۆیانەوە.

هاوڕێم مامۆستا حەسەن، لەسەر ئیجازەی ئەو تێبینییەکەی دەگوێزمەوە، کە خەڵکی بناری پشدەرە، لە واڵەکەی خۆی لە فەیسبوک نووسیبووی: "جیاوازی نێوان هەڵبژاردنی ساڵی ٩٢ لەگەڵ هی ٢٠٢١دا ئەوەیە کە لە هی ٩٢ دا خەڵک هێندە بە جۆش و خرۆشەوە بەردەرگای سندووقەکانی دەنگدانی گرتبوو کە لەبەر زۆری خەڵکەکە وەبەرکەوتنی سەرە کارێکی ئەستەم بوو. پێیان گوتم ئەگەر پیرو پەک کەوتەت لە کۆڵی بێ دەتکەنە ژووری. من بۆ ئەوەی سەرەم بەرکەوێت، سێمانە تۆقەی باوژێم کردە کۆڵ و کردیانمە ژووری. بەڵام ئەم ساڵ بۆ ئەوەی دەنگ بدەم چوومە هێرۆ. لەوێ بنکەی دەنگدانەکە چۆڵ و هۆڵ بوو. خوا خوای کەسێکیان بوو بەرەو ڕوویان بچێ. هەر بۆیەش لە دوورەوە کە منیان بینی بە پیرمەوە هاتن هەر وەک ئەوەی میوانێکی زۆر خۆشەویستیان هاتبێ." تا ئێرە تێبینی ئەو بوو.

بە بڕوای من ئەم تێبینییەی مامۆستا حەسەن ئەوە دەگەیێنێت کە خەڵک بۆی ڕوون بووەتەوە کە هەڵبژاردن تەنها سیناریۆیەو هیچی تر. ئەو جۆش و خرۆشەی خەڵک لە ساڵی ٩٢ بە بەراورد بە ئەو چۆڵ و هۆڵیەی بنکەی دەنگدان لە ساڵی ٢٠٢١ دا مانای ئەوەیە کە لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەدا خەڵک تەجروبەی وەرگرت و تێگەیی کە ئەوە هەمووی سیناریۆیەو دەسەڵات بۆ سوودی خۆی بەکاری دەهێنێت، نەک بۆ سوودی خەڵک. بەڵگەی خەڵکیش ئەوەیە کە لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەدا دەسەلات و نوێنەران بە سەدان بەڵێنیان بەخەڵک داوەو خەڵکیش بە هەزاران پێشنیارو داواکاریان هەبووە، بەڵام هیچ بەڵێنێک جیبەجێنەکراوەو هیچ داواکاریەکی خەڵکیش نەهاتۆتەدی. کەواتە بۆ خەڵک دەرکەوت کە حیزبەکان و حکومەت و بەرپرسەکان هەموو جار درۆیان لەگەڵ خەڵک کردووە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە بۆ خەڵک ڕوون بۆتەوە کە زۆر بە کەمی دەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵە لە کوردوستان گوێی داوە بە دەنگدانی خەڵک. خەڵک دەزانێت و بۆی دەرکەوتووە کە هەموو جارێک حیزبەکان لە پشتی دیوارەکانەوە لە ڕێگەی ڕێکەوتن لە نێو خۆیاندا کورسیەکانی نێو پەڕلەمانیان دابەش کردوون و زۆریش بە کەمی حسابیان بۆ دەنگی خەڵک کردووە. هیچ جارێک نەبوە کە تەزویرو ساختەکاری بە دەنگی خەڵکەوە نەکەن. بۆ نموونە دەنگی خەڵکیان دزیوە، لە جیاتی خەڵک دەنگیان داوە، دەنگی خەڵکی مردوویان حیساب کردووە، هەندێک جارانیش دەنگی وەهمی و دەنگی کوردانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان خستۆتە ناو سندوقەکانەوە، هەندێک جارانیش لە ڕێگەی چەکداری دەمامک دارەوە سندوقیان ڕفاندووە. هەموو ئەو خروقاتانە بەڵگەی ئەوەن کە دەسەڵات هیچ گوێ بە دەنگی خەڵک ناداو هەڵبژاردنیش لە لای دەسەڵات تەنها سینارۆیە. بەڵام ئەم جارەیان خەڵک بە بایکۆت شکستی بەو سیناریۆیەی هەڵبژاردنە هێنا.

با بۆ بەڵگەی زیاترلە نێو سەدان بەڵگەدا تەنها دەنگدانەکەی ساڵی ٩٢ تان بێنمەوە پێش چاو. لەو دەنگدانەدا پارتی و یەکیەتی خەریک بوو شەڕی براکان دەست پێبکەن لەسەر ئەوەی هیچیان بە یەکەمی بوونی ئەوی تر ڕازی نەدەبوون. دەگوترا کە پارتی دەنگی یەکەمی هێناوە، بەڵام یەکیەتی نەدەچووە ژێر باری یەکەمین بوونی پارتی. بۆیە دوای بێنەو بەرەیەکی زۆر هەردووکیان لە نێو خۆیانداو لە پشتی خەڵکەوەو بێ ئەوەی حساب بۆ دەنگی دەنگدەرەکانیان بکەن، هاتنە سەر ئەوەی کە نیوە بە نیوە بێ.

ئیتر پارتی و یەکیەتی لەوکاتەوە هەرچی شوێن و شت هەبوو، هەرچی دامودەزگای حکومی هەبوو، لە نێو خۆیاندا وەک سێوێک کردیانە دووبەشەوە. لەوێ ڕۆژێوە زۆر بە کەمی گرنگی بە دەنگی خەڵک و هەڵبژاردنەکان دراوە. هەموو جارێکیان دەنگدان تەنها سیناریۆ بووە. تاکو بۆ دەرەوەو ناوەندە دیموکڕاسیەکانی!! بیسەلمێنن کە لە کوردوستاندا هەڵبژاردن و پەڕلەمان هەیە. هەر لەو کاتەشەوە تاکو ئێستا ئەو دوو حیزبە خاوەنی هێزی سەربازی و پۆلیس و ئاسایش و سەرچاوەی دارایی تایبەت بەخۆیانن.

خەڵکی کوردوستان لە سەرەتای نەوەتەکانەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ دەناڵێنن بەدەست نەبوونییەوە، بەدەست بێ ئاویەوە، بە دەست بێکارەباییەوە، بەدەست خراپی ڕێگاوبانەوە. بەدەست خراپی کەرتی تەندرووستی و پەروەردەو کشتوکاڵەوە، خەڵک بەهرەمەند نییە لە سادەترین خزمەتگوزاری کە دەبوایە حکومەت بیکردایە. هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ئێستا ماون لە کوردوستان هی سەردەمی پێش نەوەتەکانن. جا مادام خەڵک گەییشتۆتە یەقین و تەجرووبەی زۆری هەیە لەگەڵ درۆو بەڵێنەکانی بەرپرسان کە داویانەو هیچیشیان جیبەجێ نەکردوون، بۆیە خەڵک ئەم جارەیان هەموو دەسەڵاتی بەتەواوی حیزبەکانی نێو دەسەڵاتەوە تووشی شۆک کردوو هەڵبژاردنی شکست پێهێنا.

سەرباری ئەو ترس و چاوسورکردنەوەیەی کە دەسەڵات لە خەڵکی کردووە، لە ئەندام و لایەنگرانی خۆیانیان کردووە، لە ئاساییش و لە هێزی پێشمەرگەش، بەڵام هەموویان لەو هەڵبژاردنەدا بایکۆتی دەنگدانیان کرد. ئەم بایکۆتەی ئەم جارەی خەڵک بۆ هەڵبژاردن و دەنگدان، بریتیبوو لە زەنگی ئاگادارکردنەوەی دەسەڵات کە ئیتر خەڵک تێگەییشتووەو قەبوڵی ناکات. ئەم بایکۆتە بە دەسەڵات و حیزبە بنەماڵەیی و خێڵەکیەکانی گوت بەسە.، ئیتر بەسە، ستۆپ. بۆ نموونە ئەوەتا حیزبێکی وەکو گۆڕان کە ئیدیعای جەماوەری بوونی خۆی دەکرد، لەو دەنگدانەدا تەنها گردە ڕووت و قووتەکەی بە دەستەوە هێڵرایەوە.

نموونەی هەرێ زەق و ئاشکرا کە دەریبخا ئەو دەسەڵاتە تەریک بۆتەوەو خەڵک نایەوێت و تەنانەت ئەندام و لایەنگر و هێزە چەکدارەکانی خۆشیان متمانەیان پێیان نەماوە، ئەوەیە لە دەنگدانی ئەمجارەدا، لە دەنگدانی تایبەتیش دا بە هەزاران لە هێزی چەکداری سەر بە حیزبەکان و سەر بە دەسەڵات دەنگیان نەداوە، یان چوون بۆ دەنگدان، بەڵام دەنگی خۆیان سووتاندووە. ئەم هەڵوێستەشیان ئەوەی گەیاندووە کە شکست بەو دەنگدانە بهێنن و بە حکومەت و حیزبەکان و دەسەڵاتیش نیشان بدەن کە ئەوان لە دۆڵێک و ئەمانیش لە دۆڵێک.

هەڵوێستی ئەم جارەی خەڵک لەو دەنگدانەدا پێمان دەڵێت کە خەڵکی بەشمەینەت و ستەم لێکراوی کوردوستان ئەم دەسەڵات وحکومەتە بە هی خۆیان نازانن و هی خۆیان نەبووە. ئیتر هیچی تر درۆو دەلەسەی کوردایەتی ناتونێت ختووکەی هەستی خەڵک بدات. هەموو ئەو تاکتیک و وەسیلانە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک دادیان نادات.


خەڵک لەم دەنگدانەدا سەلماندی کە ئەو حکومەتە هی خەڵک نەبووەو خەڵک بەهی خۆی نەزانیوە. ئەم حکومەتە لە خزمەتی خەڵکدا نەبووە، بەڵکو لە خزمەتی بنەماڵەو خێڵ دا بووە. حکومەتی خێڵ و بنەماڵەیە، حکومەتی حیزبی بن دیوارە، حکومەتی مووچەخۆری بندیوارە، حکومەتی بزنسچی و بارزرگانانی نەوتە بۆ گیرفانی خۆیان و بنەماڵەکەیان، حکومەتێک بووە کە بازرگانی بە خواردنی ماوە بەسەرچووەوە کردوە. بۆ نموونە دووگ، یان دەرمانی بەسەرچووی هێناوەتە ناو کوردوستانەوە بۆ نموونە ئەو دەرزیانەی کە چەند کەسێکی نابینا کرد. هەروەها حکومەتێکە کە چەندین پڕۆژەی وەهمی و نادیاری ڕاگەیاندوون و پارەی بە ناوەوە سەرف کردووەو هیچیشی دیار نییە. بەرپرسانی ئەو دەسەڵاتە لەگەرمەی شەڕی داعش دا بازرگانییان لەگەڵ داعش کردووەو چەک و تەقەمەنیان پێ فرۆشتوون کە هی پێشمەرگە بووەو لە هاوپەیمانانەوە پێیان دراوە بۆ شەری داعش. ئەم حکومەتە و دوو حیزبە سەرەکییەکەی ناوی هەر جارەی یەکێکیان سوپاو هێزی بێگانەو دوژمنانیان هێناوەتە ناو خاکی کوردوستان.

دەنگدان هیچی نەکرد بۆ خەڵک و هیچ جارێک دەنگدان هیچ کام لەو دوو حیزبەی نەگۆڕی. هیچ جارێکیش دەنگدان نەیتوانی حیزبێکی تری بەدەر لە پارتی و یەکیەتی بهێنێتە سەر دەسەڵات وحوکمەت بەدەستەوە بگرێت. پارتی ویەکیەتی سەر زەمین و ژێرزەمینی کوردوستانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کردووە. کەواتە دەنگ بۆ بدرێت؟.

بۆیە خەڵک پێی وایە بایکۆت جارێ لەو ڕۆدا چارەیەو لە هەنگاویترداو لە دەرفەتی تردا لە بایکۆت واوەتر ئەنجام دەدرێت. کەواتە ئەم دەسەڵاتە دەبێ لەوە دڵنیا بێت، ئەگەر بێت وهەر بەردەوام بێت لەو ستەمەی کە لەخەڵکی دەکات و بەردەوام بێت لە بڕینی قوتی خەڵک، ئیتر خەڵک هیچی تر ناتوانێت بەرگەی بگرێت و ئەمەش پاڵی پێوە دەنێت کە لە بایکۆت واوەتر هەنگاو بنێت. وە زۆریش نزیکە کە ئەو واوەترە بریتی بێت لە ڕاماڵینی یەکجارەکی ئەو دەسەڵاتە لە ڕەگ و ڕیشەوە بۆ هەتا هەتایی..

## پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە هاوڕێ ئاراس ڕەشید/ هاوکاری سەرنووسەر ئامادەی دەکات... لەهەر ژمارەیەکدا کەسایەتیەک لە بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکان بە خستنە ڕووی پرسیارێک بەسەر دەکاتەوە...

پرسی ڕۆژ



## لەم ژمارەیەدا د.محەمەد تەها حوسێن مامۆستا لە زانکۆی سەڵاحەدین وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە

د. مەحەمەد تەها حوسێن مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین لە وەڵامی پرسی ڕۆژدا

**بۆپێشەوە: "کاریگەری شێواز و ئاستی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەڕووی دەروونی و سۆسیۆلۆجیەوە بەسەر هاوڵاتی بەگشتی و هەرزەکار و لاوان و نەوەی داهاتوو چۆن دەبینی؟**

**د. محەمەد تەها:** بانگەشە بۆ هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان لە پڕۆسیسە سیاسیەکانی دوای دەرکەوتنی دیاردەی پارت و ڕێکخراوەکان، و دروستر بڵێم دوای دەرکەوتنی هۆشیاریی بە هزری دیموکراسی، بووەتە دابێکی گشتی و هەمیشە لە کاتێکی بەرلەهەڵبژاردنەکان پیادە دەکرێت.

بەدڵنیاییەوە ئەم کردەگەلە لە ئاستی دڵەڕاوکێ لای پارتەکان و دواتر دەنگدەرەکانیان بەرز دەکاتەوە، و ئەم دۆخەش کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جۆری بانگەشەکانیش، کەڕاستەوخۆ پەیوەستن بە کولتوری ئەو کۆمەڵگەیانەی کە کردەکانی هەڵبژادنیان تیادا ئەنجام دەدرێت.

لە کەلتوری ئێمەدا کە بەشێکی دنیای خۆرهەڵاتە، لەبەرئەوەی زیاتر تین و هێزی بانگەشە لەسەرچاوەی هەڵچوون و سۆزەکانەوە دێت، و زۆر کەمتر دەنگدەر لە کردەی هەڵبژاردندا عەقڵ و بیرکردنەوە بەکاردەهێنێت! هەربۆیە هەلومەرجەکە زیاتر دەشێوێت و سەرئەنجام خودی پڕۆسیسەکە هەرگیز ڕاستەڕێ نابێت، کە هەر لەبنەڕەتەوە زادەی هزری مۆدێرنیزم و گەشەی عەقڵی سیاسیە لە دنیای پێشکەوتوودا.

فەزای سیاسی لای ئێمە هیچ کاتێک لە هەڵبژاردنی دیموکراسیانە نەهاتۆتە ئارا و بەردەوام بڕیارەکان لە سۆنگەی شڵەژانە دەروونی و کۆمەلایەتیەکان دەرچوون، هەربۆیەش نائارامی هەم لەکاتی و ساتەکانی هەڵبژاردن و هەمیش دوای نیشتنەوەی کەفوکوڵەکەشی هەر بەردەوام دەبێت.

من پێموایە دیموکراسی ڕاستەقینە دەنگدەری ڕاستەقینەی خۆی هەیە، و ئەم جۆرە لە دەنگدەر چۆن بەهۆش و عەقڵ بڕیار دەدات، بۆیە ئەوەندە پێویستی بەوەنییە چەند ڕۆژێک بەرلەم کردارە یادگەکەی تیژبکەنەوە، تاوەکو سۆزی بجوڵێ و لایەنێک یان کەسێک هەڵبژێرێت. دیاردەی ئەم جۆرە بانگەشە سەرئێشەیە؛ پەیوەستە بە بازاڕکردنی دەنگی دەنگدەر و کولتوری بازاڕیش زۆرکەم وادەبێت ئارامی بداتە دەروونی تاکەکان، و سەرئەنجام هاوسەنگی کۆمەڵگەش ڕابگرێت.

هەمیشە لەئانوساتی هەڵبژاردنەکانی لای خۆمان، کۆمەڵێک دیاردەی دەروونی سەردەدەنەوە کە پێشتر کەمێک خەفە ببوونەوە، دڵەڕاوکێ لەلایەک، و بەرزبوونەوەی ئاستی توڕەیی تاک و جەماوەر لە لایەکی دیکە، و لەدەست دەرچوونی خودکۆنترۆڵی و بەرزەفتی دەروونی. هەموو ئەمانە هەم تاک دەشێوێنن و هەمیش کۆمەڵگە، و کاتی زۆری دەوێت تا ژیان دەچێتەوە سەر جۆرە کلاسیکەیە پێشینەکەی، نەک پەرەپێدانی ژیان و ڕەخساندنی هەلومەرجە ئارامبەخشە شادیهێنەکانی.



# بزوتنەوەی شورایی بۆ ئیدارەدانی شورایی...

**نووسینی: عەبدالرحمن ڕەسوڵ**

ئەگەر دەتەوێت کەسێکی بێ نرخ نەبیت پشت لەخەمی خەڵک مەکە ئەمە یەکێک لە وتە جوانەکانی کارڵ مارکسە. جوانی وبەنرخی مرۆڤ لەوەدایە کە دڵسۆزبێت بۆ تێکۆشانێکی باشتر بۆهێنانەدی ژیانێکی باشتر بۆمرۆڤەکان بەتایبەتی تێکۆشانی دڵسۆزانە بەردەوام لەناو ئازارو کێشە وناخۆشییەکانی هەژاران وچەوساوەکاندا ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی ژیانیان لەچەوسانەوە و نایەکسانی وکاری قورسی تاقەت پڕوکێن ڕزگاربکرێت، بۆئەوەی لەکاتی هەبوونی بێکاری دا سەربەرزانە مافی بیمەی بێکارییان بۆ دابین بکرێت، بۆئەوەی لەکاتی خانەنیشینی وتەمەنی بەساڵاچوواندا بیمە وموچەیەکی باشیان بۆ دابینکرێت و چارەسەری نەخۆشییەکانیان لەتەمەنی بەساڵاچوواندا بکرێتە خۆڕایی، یارمەتی بدرێن بۆ سەفەرو گشتکردن و بەسەربردنی کاتێکی شاد لەگەڵ ئازیزانیان، هەموو ئەوانە چەندەها مافی تر بۆ باشبوونی ژیان وگوزەرانی گەنجان ولاوان وژنان و تەواوی کۆمەڵگە مسۆگەر بکرێت لەگرەوی ڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازیدایە لەبزووتنەوەیەکی جەماوەری کە هەمووان لە هەنگاوێکی تێکوشانیان بۆهێنانەدی ماف وژیانێکی باشتر هاوپشتیان بێت، بەکردار لەگەڵ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دا بێت بۆ دەست ڕاگەیشتن بە ژیانێکی باشتر. خۆشەویستانی خوێنەر ئێمەی مرۆڤ پێویستمان بەیەکترە بۆئەوەی ژیانی هەریەکەمان باشتر وئاسوودەتربێت ،پێویستمان بە هاوخەباتی ڕێکخراوبوونی جەماوەرییە بۆئەوەی ئازادییەکان و مافەکانمان کە هەق ومافی خۆمانە بەدی بهێنین، هێنانەدی ژیانێکی دوور لەچەوسانەوە وئازارەکان تەنها بە ڕێکخرابووبوون لەڕێکخراوێکی جەماوەری بزووتنەوەی شوراکان کە ڕادیکاڵانە بەیەکەوە دڵسۆزانە تێکۆشان بۆ ڕووخان و ڕاماڵینی سیستەم ودەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەر و دزەکان بکەین. ئاخر چۆن ڕەوایە بەشێک لەمرۆڤەکان زۆر تێرو تەسەل لەژیانێکی شەهانەیی دا بگوزەرێن و بەئارەزووی خۆیان گەشت وسەیرانی وڵاتان بکەن وخاوەنی زۆرینەی داهات و پارەی گشتی کۆمەڵگە بن ئەویش هەموولایەک باش دەزانێت کە سەرجەم پارەکەیان هی دزی وگەندەڵییە، بەڵام زۆرینەشی لەخەڵکی پێویستی بەژەمێکی خواردنی ئارەزوومەندانە کە خۆی لەشوێنێکی ڕاقی و شارستانی و لەگەشتێکدا لەگەڵ ئازیزانیدا تێربێت. ئاخر تاکەی کێشەی برسی و بێکارانی گەنج و لاوان نەبێتە کێشەی تەواوی گشتی کۆمەڵگە هەنگاو بە تێکۆشانێکی دڵسۆزانەی ڕادیکاڵانە نەدرێت بۆئەوەی گەنجان و لاوانی بێکارو هەژاران و کرێکاران و زەحمەتکێش ودەستفرۆشانیش بتوانن بەئاسوودەیی ژەمەکانی ڕۆژانە بخۆن و بەسەربەرزانە دەستیان ڕابگات بەکارێک کەخۆیان حەزیان لێیەتی و توانای فکری وجەستەییان دەی خوازێت. ناکرێت چیتر ڕێگا بە ویژدانمان بدەین کە مرۆڤە هەژارەکان بەردەوام کێشەی گەورەی ئەوەیان ئەوەبێت کە چۆن بتوانێت خواردنی سێ ژەمەکەی ڕۆژانی دەست بکەوێت وشوێنی خەوی ئارام بێت، بەڵام ئەو سێ ژەمە و خەوە ئارامەشی پێ ڕەوا نەبیندرێت لەلایەن ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرو دزو گەندەڵەوە کە ڕۆژانە بەناوی شوێنی تەجاوەزات و زیادەڕۆیی شارەوانییەوە لەهەژارو زەحمەتکێش و کرێکاران بڕوخێندرێت هەر بەرپرسانی دەسەڵاتیش سەرجەم شوێنە ستراتیژییەکانی ناوچەقی شارەکان و قەراغ شارو ڕێگا گشتییەکان و گردەکان لەسەرخۆیان و کەسوکاریان تاپۆ بکەن و بیکەنە شوێنی بازرگانی. تەنانەت شوێنی مردووەکانیشان بۆتە چراغان و کارەبای تایبەتی بۆدابینکراوە، پارەیەکی خەیاڵیش گۆڕەکانی باوک و باپیرانیان بەپارەی دزراوی خەڵک خەرج دەکەن، خەڵکیش بەردەوام پێی ڕادەگەیەنن کە کاتژمێرەکانی کارەبا کەم دەکرێتەوە یان سووتەمەنی دابەش ناکرێت، وبەنزین گران دەبێت . ئەی ئەوە چەند بەئازارە هەژارێک دەهێندرێتە سەر تەلەفیزیۆنەکان دەڵێت ناتوانم کرێی یەک ژوور یان دوو ژوورم بدەم وکرێچیم خاوەن خانوەکە دەری کردووم، خاوەن چەند منداڵێکم بەهۆی ئەوەی بێ پارەبووم نەم توانیووە کرێی مانگانە بدەم. ئەزیزانم ئەگەر ئێمە یەکگرتووبین لەتێکۆشانی ڕێکخراوییدا زۆر بەئاسانی دەتوانین ئەو دەسەڵاتە فاشیزم وچەوسێنەرە بگۆڕین خۆمان یاسایەک دابنێین کە هیچ مرۆڤ بێ شوێنی نیشتەجێ بوون نەبێت، کەهیچ مرۆڤێک بەوجۆرە سەرگەردان نەبێت لەناو کارتۆن و کەلاوە کۆن وڕووخاوەکانی قەراغ شارەکاندا بەسەرما و گەرمای هاوین و زستان نەمێنێتەوە، بەڵکو شوێنی نیشتەجێ بوونیان بۆ دابین بکرێت . ئاخر چۆن ویژان ڕێگا دەدات کە مرۆڤەکان لەسەر خیابان و شەقامەکانی شاردا دەست پان بکەنەوە وداوای خێرو سەدەقە و زەکات بکەن تەنها بۆئەوەی بژین نەمرن لەبرسان، منداڵەکانیان برسیان نەبیت . ئاخر چ ویژدانێکە ڕێگا بدرێت زۆرێک لەمرۆڤەکان پارەو ئیمکاناتی دەرمان و چارەسەری نەخۆشی ئەندامانی خێزانەکەی بۆ دابین نەکرێت و نەخۆشخانە گشتییەکانیش هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەکی لەدەرمان و دکتۆری شارەزای نەبێت. ئاخر ئەمە تاکەی ڕێگا بدرێت کە بەردەوام بێت کە خەڵک بەگشتی لەزۆر گەڕەک بێ ئاوی پاکی تەندروستی ژیان بکات، بەشی زۆری ئاوی خواردنەوە شیاوی خواردنەوە نەبێت، بەڵام بەهۆی ناچاری دەخورێتەوە لەکاتێکیشدا باشیش دەزاندرێت...

لەداهاتوویان تووشی چەندین نەخۆشی دەبن.

ئاخر چ ویژادنێک ڕێگا دەدات کە نەوەی دوای نەوە خەڵک بێ خزمەتگووزاری ڕێگای هاتووچۆی شارستانی بێت. ئاخر پێم ناڵێن چ ویژدانێکە کە دەبینیدرێت ساڵانە گەنجان قۆناغەکانی خوێندنەکانیان زۆربەباشی تەواو دەکەن دەبنە خاوەن بڕوانامەی خۆیان، بەڵام دەبێت بڕوانامەکەیان هەروەک یادگارێک لەدۆڵابەکانیان هەڵبگیرێت و خۆشیان بخزێنە ڕیزی شەپۆلی بێکارانی کۆمەڵگەوە. دوایی چەندین هەڵبژادنی پەرلەمانی دوایی چەندین جار بەڵێنی قەبە و درۆزنانەو فریۆدەرانەی کەسانی سیاسی دینی و نەتەوەیی ولیبراڵی کەچی دوایی دەرچوونیان ئەم ئەندام پەرلەمانانە بەبێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ژیانی ئەم گەنجانە و ئەم هەژارو زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە گۆڕانی باشتری بەسەردابێت، کەچی بەشێک لەگەنجەکان و خەڵکی دیسان خۆشخەیاڵن پێیان دەنگیان پێ دەدەنەوە. ئاخر ئەمە چ جۆرە ویژدانێکە. ئاخر تاکەی ویژدانیان ڕاناچڵەکێت و واز لەم دزو فێبازو درۆزانە ناهێنن و دەنگیان پێدەدەن خۆشخەیاڵن بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی. ئەوەتا لەکوردستان و عێراق لەدوایی کۆتاییهاتنی دەنگدانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ یەک ڕۆژ دواتر کاتژمێرەکانی کارەبا کەم کرایەوە بۆ خەڵک، نرخی سووتەمەنی زیاتر گران بوو، خزمەتگوزارییەکانی تر هەنگاو بەهەنگاو خراپتر دەبن، بەڵام بەشێک لەمرۆڤەکان لەپێناوی پاراستنی کەمێک بەرژەوەندی ماددی چاوی خۆیان کوێر کردووە لەئاست هەبوونی بێمافی و سەرکوت و هەبوونی بێکاری و برسێتی خەڵکدا تاکەی ویژدانتان ڕاناچڵەکێت و ناچنە پاڵ هێزی ناڕازی خەڵکی چەوساوە و بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی کرێکارو گەنجان و ژنان و خەڵکی زەحمەتکێش ناکات. ئەوەتا خەڵک قۆناغ دوای قۆناغ وشیارتر دەبێتەوە، باشتر ڕێگای مرۆڤایەتی بوونی خۆی دەدۆزێتەوە. وشیاری چینایەتی یەکێکە لەپایە گرینگ وپێویستییەکانی هێزی گۆڕانکاری بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر. ئەرکە گرینگ وپێویستەکە ئەوەیە هێزی خەڵکی ناڕازی ڕێکخراوبێت لەناو بزووتنەوەی جەماوەری شوراکانیاندا. دەبێت تەواوی خەڵکی کوردستان و عێراق لەوە دڵنیا بێت کە دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی دزەکان کۆمەڵگە بەرەو وێرانتر دەبات، لەساڵی داهاتوو، لەبەرئەوەی حیزبەکان گشتیان بەرگری لەسیستەمی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دز دەکەن.

حیزبە ئیسلامییەکان هاو ئاوازی حزبەکانی پارتی بارزانی ویەکێتی نیشتیمانی کوردستانن، بزووتنەوەی گۆڕان لەساڵانی ڕابردوو هێزێک بوو گورزێکی کەمەرشکێنی لەڕەوتی بزووتنەوەی چینایەتی ونارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانی دا بەوەی هەتا بۆی کرا درۆی لەگەڵ خەڵک کرد و سواری پشت و شانی خەڵکی ناڕازی بوو، خۆی کردە دەم سپی وگفتوگۆی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردستان دا دەکرد بەناوی نوێنەرایەتی خەڵکی ناڕازییەوە، هەتا بۆی کرا پۆست و پلە وپارەی لەدەسەڵاتی وەرگرت، بەخەڵکیشی دەگوت ڕیفۆرم دەکەین، کەچی بارودۆخی خەڵک ساڵ دوایی ساڵ خراپتربوو، جۆری خزمەتگوزارییەکان خراپتربوون. ئەم هێزە وەکو ژەهر وابوو بۆجەستەی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵک هەتا ماوەیەک خامۆشیشی کرد و بێ هیوا وبێ ئومێدی کرد گەنجان و لاوانی ناڕازی هەربۆیە کوردستانیان بەجێ هێشت. ئەزیزانم دەبێت ئەوەش بزاندرێت یەکێتی و پارتی بەئاسانی لەدەسەڵات واز ناهێنن بەدڵنیایی نەوەی نوێ هەمان کاراکتەری سیاسییە دەوێت بەهەمان ئاوازی بزووتنەوەی گۆڕان خەڵک فریۆبدات، ئەوەتا لەدوایی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتوبەری ٢٠٢١ سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ شاسوار ڕاگەیاندووە ئامادەن لەگەڵ یەکێتی وپارتی وئیسلامییەکان دابنیشن و ببنە یەک تیم لەبەغدادی عێراق، ئەی ئەو هەموو هاتوو هاوارەتان لەچ دابوو؟! ئەها سەیر بکەن لەناو ئەو جوڵانەوەدا لەیەک خێزاندا دوو ئەندام پەرلەمان هەیە لە ئەویتریان ئەوا دوو جارە خوشکی سەرۆکی ئەو جوڵانەوەکەیە دەبێتەوە ئەندام پەرلەمان، ئەی بۆ سەیری ئەوە ناکەن، لەکوێی بەرنامە و پلاتفۆرمی نەوەی نوێدا باسی بیمەی بێکاری بۆخەڵکی بێکار کراوە یان نەمانی جیاوازی چینایەتی وکەلێنی هەژاری و سەرمایەداری بەڕێگای دزی و گەندەڵی بکات کۆتایی پێ بهێنێت. بەکام بەرنامە ئابوورییەی. ئەی چۆن یەکگرتوویی ئیسلامی و کۆمەڵی دادگەری گۆڕانکارییان پێ دەکرێت لەکاتێکدا کە لەحکومەت بوون خەڵک زیاتر بەرەو هەژاری و بێکاری وبێ خانەلانەیی زیاتر چوو، ئاخر چوونە پەرلەمان وحکومەت کە نەتوانێت ژیانی خەڵک لەڕووی ژیان و خزمەتگوزاری و ماف و ئازادییەکانەوە باشتر بکرێت کەوایە ئەمانە حیزبی بازرگانن نەک سیاسی، باسی حیزبەکانی زەحمەتکێشان و پارتی کرێکاران و ڕەنجدەران و ڕزگاری و کۆماری هەموو ئەمانە هاوشێوەی پارتی بارزانی بەرگری لەمانەوە ئەم سیستەم و دەسەڵاتە کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزە دەکەن، وردبێنێکی ئیداری و ژمێریاری وەک چاودێرێکی دڵسۆزی خەڵک ئەنجام بدرێت دەرئەنجام بۆتان دەردەکەوێت کە بەرپرسانی مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی و کادیرەکانیان مانگانە موچە و پارە لەحکومەت وەردەگرن وەک فەرمانبەری حکومی بەشێوازی خانەنیشنی حکومی یان فەرمانبەری حکومی، بەڵام تەنها دەوامیان لەبارەگا و نووسینگەکانی ئەو حیزبانەیە، هەیانە لەم حیزبە ئەندام پەرلەمانی هەیە، بەڵام لەپەرلەمان هیچ بەبێ پارتی ناکات کەوایە ئەو حیزبانە دووکانن و بازرگانی دەکەن نەک سیاسەت بۆ بەرەو هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر. هەربۆیە ئەم حیزبانە بەدڵنیایی هەر یەکەیان ئەندام پەرلەمانی بچێتە پەرلەمان هەروەک ئەندام پەرلەمانی پارتی بارزانی بێت، چونکە لەژێرەوە دروستکراوی پارتین بەتایبەتی پاراستن. هەربۆیەشە ناڕاستەوخۆ و هەیانە ڕاستەوخۆ لەکاتی هەڵبژاردن ڕای گەیاندووە کە دەنگ بە بەربژێرەکان و نوێنەرانی پارتی بارزانی دەدات. پێم ناڵێن ئەمانە کەی بنەمای حیزبایەتییان تێدایە تا خەڵک بەقسەیان بکات.

ئاخر سەیر لەوەدایە بەشێک لەخەڵکی کوردستان بەجۆرێک سەیری پەکەکە دەکات پێی وابوو کە دەتوانێت یارمەتی دەربێت بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگە لە قەیران وکێشەکانی، بەڵام ڕێک پێچەوانەیە، چونکە زۆر بەڕوونی ئەم هەڵبژاردنە دەرکەوت کەئەوانیش بەرگری لەزاڵم و چەوسێنەران و دزەکانی کوردستان دەکەن و هاوڕان بۆ پاراستنی سیستەمی کۆنەپارێزو چەوسێنەر، باشترین نموونەش ئەوەیە ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی پەکەکە و ئەو حیزبەی لەباشووری کوردستان لەژێر کاریگەری سیاسەتی پەکەکەی دایە بەناوی تەڤگەری ئازادی کوردستان بەیاننامەیان بڵاوکردەوە و داوایان لەخەڵکی کوردستان کرد کە دەنگ بە نوێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بدەن ئەمە ڕێک هاوبەشی کردنە لەتاوانەکانی یەکێتی بەدرێژایی مێژوو و لە ئێستا وداهاتوو. ئاخر حیزبێک پاش سی ساڵ لەپەرلەمان وحکومەت نەتوانێت بەکەمترین جۆرو شێوە کۆمەڵگە ئاراستەی کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر بکات و هێزێک سەرەتایی گیانی پڕە لەگەندەڵی وتاوانکاری هاوشێوەی پارتی، بەڵام بانگەوازی دەنگ کۆکردنەوەیان بۆبکرێت. حیزبی شیوعی ناتوانێت دەست لەم جۆرەسیاسەتە کۆنەپارێزی یە بەربدات و بەردەوام شاباش بۆ چوونە پەرلەمان لێ دەدات دواتر لەگەڵ هەمان ئەم حیزبانە کە دەسەڵاتدارو چەوسێنەرو دزی دەکەن دەچێتە ناو پەرلەمان وحکومەتەکەیان ئەمە چ جۆرە حیزبە کۆمۆنیستێکە کە نەتوانێت بچێتە ناو بەرەی خەڵکی ناڕازی لەناو خیابان وشەقامەکان خۆی ڕێکخەری نارەزایەتییەکان بێت و ئاراستەی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتربێت، بەردەوام لەناو یاریگای بەرگریکردن لەوگۆمە ژەنگرتوویی دەسەڵات و سیستەمە ڕزیوو وکۆنەپەرستە یاری دەکات.

هەربۆیە خەڵک دەبێت وشیار بێت باشتر ئەم حیزبانە بناسێت کەهەرگیز ناتوانن کۆمەڵگایەکی باشتر بەدی بهێنن. چارەسەر ئەوەیە کە پشتیوان و هاوکاربن لەتێکۆشان کە شۆڕشی چەوساوەکان هەنگاوەکانی دەستی پێکردووە بۆ ڕاماڵینی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەرو دزەکان دواتر خەڵک خۆی لەڕێگا ئیدارەدانی شوراکان و ئەنجومەنەکانییەوە کۆمەڵگا بەڕێوەبەرێت. ئەگەر یەک زەڕە خۆشحاڵی هەبێت بۆ هەر حیزب و هەر نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی دز کە دەتوانێت کەمترین ماف وئازادی بۆ خەڵک دابین دەکات ئەوە لەخەونی حوشتر دەچێ! ئەوە ساغ بۆتەوە بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان کەئەم حیزبانەی پارتی و یەکێتی هەرگیز دیموکراسی و ئازادی قبوڵ ناکەن، چونکە ناتوانن لەبەرئەوەی سەرتاپای گیانی بیروباوەڕیان ئاخێندراوە بە کردەوەی فاشیزم و دژایەتیکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان. تەنها یەک ڕێگا هەیە بۆ ڕزگاری خەڵک لەدەست ئەم دەسەڵاتە مافیاگەرە ئەویش گەشەدانی شۆڕشی ڕزگاری چەوساوەکانە بۆ ڕاماڵینی تەواوی سیستەم ودەسەڵاتی چەوسێنەران و دزەکانی کوردستان وعێراق. دواتر خەڵک خۆی لەڕێگای شوراکانی گەڕک و شارەکانەوە کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت بەئیدارەدانی شورایی. خودی بەشداری نەکردنی خەڵکی عێراق وکوردستان لەسەدا ٪٨٠ نیشانەی هەبوونی ڕەتکردنەوەی کۆی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزە، هەرگیز ناکرێت بەکەم سەیر بکرێت، بەڵکو ئەو هەنگاوەی خەڵک بۆ بەشداری نەکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕاستەوخۆ بەمانای ئەنجامدانی شۆڕشی سپی یە کە بە تەواوی سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەری عێراق و کوردستانی گوت کە ئێوەمان ناوێت بڕۆن لەدەسەڵات. ئەوەش هەبوونی بەردەوامی تارمایی شۆڕشی چەوساوەکانە وەکو هەور دێت و دەچێ هاکە لەپڕێک لەجیاتی باران بروسکەی ڕاپەڕین لەدژی چەوسێنەرو دزان دەستی پێکرد. چونکە قەدی دارەکەی دەسەڵاتی چەوسێنەر ڕزیووە تەنها یەکخستنی هێزی شۆڕشگێڕی دەوێت بۆ کەوتنی بەیەکجاری، پێویستە هەریەکەمان ببینە بەشێک لەوهێزە شۆڕشگێڕە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر.

زەنگێک بۆشۆڕشی هاوپشتی لەدەرگای ماڵی هەریەکە لەخەڵکی کۆمەڵگەی داوە، کەلەکاتی خۆیدا نەکرێتەوە ئەو دەرگایە،ئەوا فاشیزم بەجۆرێک گەشە دەکات تەواوی کۆمەڵگە لەناودەبات. ئەرکی هەمووومانە کە هەریەکەمان دڵسۆزانە کار لەسەر هێنانەکەیەوەی بزووتنەوەی شورایی بکەین بۆئەوەی جارێکی بەناوی جیاوازی حیزبایەتی دووکانی بازرگانی تر نەکەنەوە بەسەر شان و ملی خەڵکی ناڕازیدا، هەر وەک ئیسلامییەکان و بزووتنەوەی گۆڕان نەچنە پەرلەمان و ناوحکومەت خۆیان نەکەن سەرمایەدار هاوشێوەی پارتی ویەکێتی، بۆئەوەی فاشیزمێکی تر نەبێتە بەدیلی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دز، پێویستە ئازادیخوازو یەکسانیخوازان تێکۆشانی دڵسۆزانەی کرداری بکەن بۆگەشەدانی بزووتنەوەی شورایی وەک بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی جەماوەری ناڕازی.

کەلەڕێگای بزووتنەوەی جەماوەری شوراکانەوە دەتوانرێت سەرجەم ماف و ئازادی و ئامانجە ئینسانیە بەدی بهێندرێت و تەنانەت خەڵک بیبینن کە کۆمەڵگە بەرەو ئەو لایە دەڕوات کە ئاسوودەیی بەدەهێنێت ئەمەش ئیدارەدانی کۆمەڵگە بەجۆری ئیدارەدانی شورایی لەلایەن خودی خەڵک خۆیەوە مەیسەر دەبێت



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# ”ڕۆڵی کۆمەڵگە لە توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان""

**نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**



توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان دیاردەیەکی نامۆ نییە ساڵانە لە ناو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانداو بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە ئایین و پیاوسالاری دەوری سەرەکی هەیە، بە دەیان دیمەنی دڵتەزێن لە چەشنی کوشتنی ژنان بە بیانوی پاراستنی ناموس ڕوو دەدەن کە ویژدانی هەر مرۆڤێک دەهەژێنێ.

شک لەوەدا نییە کە ئاستی کولتووری و روشنبیریی خەڵک و کۆمەڵگە لەپێوەندی لەگەڵ پرسی یەکسانی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا لەخوارەوەدایە. توندوتیژی کۆمەڵگە پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەوە، توندوتیژی لەزۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا باوە بە تایبەتی لە کوردستان، نزمی ئاستی هۆشیاری تاکەکان لە کۆمەڵگە و ئەو داب و نەریتەو سیستمە کۆنە کەبەدرێژایی مێژوو ولاتان توشی بوون. توندوتیژی دژ بە ژنان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئاستی ئەو توندوتیژیانە لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. بەو مانایا کە توندو تیژی لەو وڵاتانەی کە دیمۆکراسی تیاندا بەرچاوەو لە ئاستێکی باشی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان، بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانێک کە قانون و یاسا حاکمە، ڕێگە بە هیچ توندوتیژیەک نادرێت و مافی ژنان و پیاوان لە یاساکان مسۆگەر کراوە و لەوانەشە لە هەندێک بواردا مافەکانی ژنان لەو وڵاتانەدا زیاتر بێت لە مافەکانی پیاوان، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگە سونەتیەکان، یاساکان لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب داڕێژراون کە لە زۆر بواردا دژایەتی هەیە لەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت مافی ئافرەتان.

دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان پیوەندی نییە بە کومەڵگەیەکی تایبەت واتە دەسەلاتی سیاسی یان کومەلایەتیەکی تایبەت، بەڵکوو لە هەمو کومەڵگایەکی مروڤایەتی بەرچاو دەکەوێت. توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی جیهانییە و بەشێوەیەکی بەربڵاو بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەبیانووی نەپاراستنی بەهاکانی نێو بنەماڵە، بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن تەنانەت دەکوژرێن. ئافرەتانی کوردستانیش بە هۆی نەریتی پیاوسالاری و سیستمی سیاسی و ئابووری و ئاینی بارودۆخێکی باشی نییە. لە جاڕنامەی پێشگیری لە توندتیژی دژی ژنان پەسندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتوە، مەبەست لە "توندوتیژی دژی ژنان"، هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی، یان دەروونیی ژنان، وەک لێدان، هەڕەشە، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی، زۆری لێ کردن و هتد کە لە ریزی رەفتار و کردەوەی توندوتیژدان.

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە کراون زیاتر لە 30%ی ژنان لە جیهان لانی کەم جارێک لە لایەن پیاوێک لێیاندراوە، ئازاریان پێگەیشتووە یان دەستدرێژی جنسیان لە سەرکراوە. لە 114 وڵاتی جیهان توندوتیژی دژی ژنان بە پێی یاسا قەدەغە نییە و لێدان و کوشتنی ژنان یان سزای نییە و یان ئەگەریش سزای هەبێت سزایەکی ئەوتۆ نییە. توندوتیژی لە بنەماڵەدا یەکێک لە گەورەترین و بەرچاوترین شێوەکانی توندوتیژیە کە لە نێو کۆمەڵگەدا وەک نەریتی لێهاتووە و لە بەشێکی زۆر لە ولاتانی جیهان وەکوو گرفتێکی بنەماڵەیی چاوی لێدەکرێت و هیچ پشتیوانییەک بۆ ژنان لەو کۆمەڵگەیانەدا لەبەر چاو ناگیرێت. بوونی یاسای دژی ژنان و داب و نەریتی کۆن و هەروەها کولتووری پیاوسالاری و ئاینی بووەتە هۆی ئەوە کە ژنان زیاتر لە جاران لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگادا توندوتیژیان لەگەڵ بکرێت و پشتیوانییەکیان نەبێت.

لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ پاراستنی مافی تاک یاساکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەماکانی مافی مرۆڤ، مافی ژنان و مافی مندالان دانراوە و بۆ پراکتیزەکردنی ئەم یاسانە و دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا هەوڵێکی بێوچان دەدرێت.

بۆ ئەوەی لە وڵاتێک یاساکان لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ دیاری بکرێت مەرج ئەوەیە کە لەو وڵاتەدا دیموکراسی هەبێت و ڕێگا بۆ بەشداریی ئازاد بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان وەکوو یەک لە هەڵبژاردنەکان دا پێک هاتبێت. ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک ئەوە دەنگی خەڵکە کە دیاری دەکات کام حیزب دەتوانێت نوێنەری لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا هەبێت و دەنگی زۆرینەی خەڵکە کە رادەی دەسەڵاتی حیزبەکان لە نێو پەرلەماندا دیاری دەکات. بەداخەوە لەپەرلەمانی کوردستانیش هەتا ئێستا پرۆژە یاساییەکی وەها پەسەندنەکراوە کە بتوانێت توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان ڕابگرێت سەرەرای هەبوونی دەیان ڕێکخراوی مافەکانی ژنان بەڵام ڕۆژانە لەکۆمەڵگەدا لەبەرچاوی هەمو ئەو ڕێکخراوانە و لەبەرچاوی پەرلەمان چەندان ژن دەکوژرێن یاخود ئەتک دەکرێن و دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتەسەر یاخو لەماڵەوە دیل و کۆت دەکرێن لەکاروباری دەرەوە بێ بەش دەکرێن بەهۆی دەیان فاکتەری تریش لەسەرەوی هەموشیانەوە پیاوسالاری.

# له بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

- **ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

**جیاکاری لەدژی ژنان تایبەتمەندیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە. لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهاندا، ژنان بەڕەسمی و بە یاسایی تەنانەت لەو ماف و ئازادییە بەرتەسك و بێبایەخانەش بێبەشن کە پیاوان لـێی بەهرەمەندن. لەو وڵاتانەدا کە لە ڕووی ئابووریەوە دواکەوتوون، هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەدا کە دین و نەریتە کۆنەکان ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگەدا هەیە، ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ. لە وڵاتانی پێشکەوتوتر و مۆدێرنتردا و تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە لەسایەی بزووتنەوەکانی لایەنگر لە مافەکانی ژنان و هەڵمەتە سۆسیالیستیە کرێکارییەکان جیاکاریی جنسی بەڕواڵەت لە بەشی هەرەزۆری یاساکاندا هەڵگیراوە، هێشتا ژنان لە جەرگەی میکانیزمی ئابووری سەرمایەداری و دابونەریت و بیروباوەڕە پیاوسالاریەکانی نێو کۆمەڵگە، بە کردەوە لەزۆر ڕووەوە دەکەونە بەر جیاکاری و ستەم ...**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

# کەژاڵ ئەحمەد و بیرەوەرییە دۆزەخیەکان

نووسینی: جەمال نوری



لەدەقە شعری (بۆ دۆزەخ یادەوەریەکان) ی کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر، گیانێکی (تەحدی) تییدا ڕەنگی داوەتەوە، بەواتایەکی ت، لە دەقی بۆ دۆزەخ یادەوەریەکان،هەست بە تورڕەیی،شاعر دەکەین. واتە لە نێوان »تووڕەیی «و »نووسین«دا پەیوەندییەکی سەیر هەیە؛ هیچ نووسەرێکی گەورە، بەبێ تووڕەیی، ناتوانێت بنووسێت؛ و بەبێ نووسین، ناتوانێت لە پشت تووڕەیی خۆیەوە دەرکەوێت. ڕەنگە لەبەر ئەمە بێت کە فرۆید، لە کتێبی «شارستانییەت و نیگەرانییەکانی»دا، دەڵێت شارستانییەت یەکەمین جار لەو شوێنەدا دەستی پێکرد کە مرۆڤی تووڕە لەجیاتیی بەرد »وشە«ی هاویشت. کتێبەکان، ئەرشیفی تووڕەییە دامرکاوەکانی نووسەرەکانیانن. هەرچەندە، هەندێکجار، نووسین ڕێگایەکە بۆ پاراستنی خود لە تووڕەیی، بەڵام ڕێگایەکی باش نییە بۆ دامرداندنەوەی.

بۆ دۆزەخ یادی ئەوانەی

شێتانە خۆشمان دەویستن

ئەگەر دوێنی ڕاست بوونایە،

ئەمڕۆ بەتەنیا نەدەبووین.!!!

بۆ زبڵدان بیرەوەریی دۆنکیشۆتیانەی ئەوانەش

کە تاسەر ئێسک، شەڕیان لەگەڵدا دەکردین

خۆ ئەگەر جەنگاوەربوونایە (ئەوسا)،

ئێستا مەیدانەکەیان ئاوا چۆڵنەدەکرد !

لەدەقەشعری (بۆدۆزەخ یادەوەریەکان)کەژاڵ، گیانێکی (تەحدی) تێدایە.بەسادەیی دەکرێت بڵێین مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری ئەوشوێنە بێت کە یادەوەرییەکانی ڕابوردووی تیایە. شوێنک کە من دەناسێت و منیش ئەو دەناسم، خەڵکەکانی دەناسم و ئەوانیش من دەناسن .کۆڵانەکانی، شەقامەکانی خوێندنگاکانی و فەرمانگەکانی و چایخانەکانی و کتێبخانەکانی و باخچەکانی و بازاڕەکانی بریتین لەو شوێنانەی بوونەتە پارچەی نەمری ناو دەروونی مرۆڤ. ڕەنگە مرۆڤ لەبەر گوشاری سیاسی و ئابووری ناچاربێت لەو شوێنەی یادەوەریەکانی بەخۆیەوە گرێی داوەتەوە بەجێی بهێڵێت، بەڵام ناتوانێت خەون بەگەڕانەوەی، نەبینێت، بەڵام " کەژاڵ ئەحمەد " تەواودژی ئەو بیرەوەریە دۆنکیشوەتیانە دەوەستێتەوە کەتاسەر ئێسک شەڕیان لەگەڵدا کردوین، بەواتایەکی تر لای شاعرکاتێک بیرەوەری دەبێتە یادەوەرێکی جوان کە ڕاستگۆیانە بنوسرێتەوە، ئەوجەنگاوەرانەی بیرەوەریان بەجێهێشت بۆمان جگە لە ناشرین کردنی مێژووی ئێمە هیچی تریان بەجێ نەهێشت جگە لە چاندنی تۆویی ڕق و کینە و هەڵخەڵەتاندنی یەکتری هیچی تر نەبوو. چونکە ئەوانە بە هەق جەنگاوەر نەبوون، چون "گەر جەنگاوەر بوونایە مەیدانەکەیان ئاوا چۆڵ نەدەکرد "..!

ئەم وێنانە کەرەسەیەکی ڕۆحین بۆ بەستنەوەی ئێرۆحی شاعیر بەو دنیا جوانەی خۆیەوە، ئەو نایەوێ ئەو دنیابینیەی ناشرین بکرێ، ئەو گیانێکی ئاڵنگاری لەناخیدا چەکەرەی کردوە، کاتێک ئەو ئامادەیە یادی ئەوانە نەک هەرناکاتەوە کە ڕۆژگارێک شێتانە خۆشی ویستون بەڵکو تورِیان دەداتە ناو دۆزەخەوە، چون خۆشویستن بە شێتانە ناکرێ، خۆشویستنێک گەر لەڕێگای ئەقڵ و مەنتق گرێدراوی مەسەلە عاتیفی و ویژدانیەکان نەبێ دواجار بەرگەی مانەوەی لەدەست دەدات و مرۆڤێکی شکست بەئەنجام دەگەیەنێ.

"کەژاڵ ئەحمەد" هەموو تەماشاکردنێکی ئەو بۆ ئەو ئەلبومی یادەوەریانەی نایەوێ بۆی بگەڕێتەوە.

چون ئەگەر ئەو یادەوەریانەی دوێنێ ڕاست بونایە ئەوا ئەمڕۆ هەستی بەتەنهایی نەکرد، تەنیا بوون واتە بێ کەسی، بێ پلانی بێ ژیان دۆستی.

بابزانین شاعیر چۆن هەرسێ چەمکی شیعرو شاعیرو خۆیننەرەکەی ئاوێتەی یەکتری دەکات و موخاتەبەی هەریەکەیان دەکات لەسیاقێکدا. وەک لێرەدا ئاماژەی پێکردوە..

چی ئەکەیت شیعری مەزن

تۆ چی دەکەیت؟

کە ئەمڕۆ زۆر کەسی بچووک

خۆی بەخاوەنت دەزانێ و باست دەکات؟

لێرەدا شاعیر، ئاوها تەوزیفی "شعر "دەکات .

شعر سەر بەجیهانی هەستە باڵاکانە، کەلەڕێگای ئەقڵەوە دەست بۆ شتە نەووتراوەکان دەبات وخەریکی چارەسەری کێشەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو مانیفێستکردنی دیوە شاراوەکانی کێشەکانە. لێرەوەیە کە کەسی بچوک ناتوانێ خۆی بکاتە خاوەنی شیعر.

شاعیریەت لای کەژاڵ ئەحمەد کردنی باخچەیەک، شەقامێک نییە بەناویەوە، بەڵکو شاعیر بوون بەو مانایە دێت کەلەئاست هەر ڕوداوو کردارێکی دژ بە هەستە باڵاکانی مرۆڤ ئەنجامدرا، شاعیر دەبێ یەخەی بگرێ لە هەر شوێنێک هەیە تاک بە تاکی لێ بەئاگا بێنێ، ڕێگانەدا سروشت و ژینگەو مرۆڤ بوونی لێ تێک بدەن، ڕێگا نەدا شوناس و شارستانیەتی بگەڕێننەوە بۆ چاخەکانی بەردین.

تۆ چی دەکەیت ئەی شاعیر

کە بەتەنیا

هەر ناوی شەقام و باخچەی

ئەم شارەت پێ ڕەوابینراوە؟!

بەم شێوەیەش خوێنەری شعر دەجولێنێ و موخاتەبەیان دەکات و دەڵێ:–

چی دەکەیت

خوێنەری شیعر

پێم ناڵێیت چی دەکەیت؟!

تۆ سەردەمێکی تار دەژیت

ڕۆح تینووی هیچ نییە.

باوەڕناکەیت ئەگەر بڵێم:

هەر ڕۆحیشی تیانییە!!

کەژاڵ، کاتێک موخاتەبەی موتەلەقی دەکات و پێیان دەڵێت سەردەمێکی تار و نوتەک دەژین کە ڕۆحیان تینوی هیچ نییە، واتە گەر ڕۆحیان تینوو بوایە، تینووی مەعریفە و زانست و ئەدەب، ئەمێستا قۆناغێکی گەشەسەندوومان دەبوو بەهۆی هوشیاری و ئیدراکی حسی و ئەقڵانی موتەلەقیەوە، لەهەمان کاتیشدا خاوەن دەقی زیندوو باڵاتر دەبوین کە شوناسی ئێمەی پێ بناسرێتەوە. ئیدی لێرەوەیە شاعیر کاتێک موخاتەبەی خوێنەری دەق دەکات دەڵێ تۆ سەردەمێکی تار دەژیت، ڕۆح تینوی هیچ نییە، باوەڕناکەیت ئەگەر بڵێم هەر ڕۆحیشی تیا نییە، واتە دەرککرنی هەستەکیانەی جوانی یە، کە ئەویش ئاگایی یە، لای خوێنەری دەق لەڕێگای خوێندنەوەوە، بەڵام لە کۆمەڵگایەک کە ژیانی تارو نوتەک بێ پیاوی پوچ ڕێگای درابێ بنوسێ ئیتر ئاگایی بۆ خوێنەرو نوسەر و داهێنانی دەق لە نوخبەیەک دایە

کەژاڵ ئەحمەد، لەم دەقەد زۆر جوان بۆ هەردوو وشەی ئەنتی یەکدی بەجورێک لەپارادۆکس ئاوێتەی یەکتری کردون. هەست بە چنینی وشەکانی دەکەی، کەپەیوەندیەکی ئۆرگانی دەیانبەستێ بەیەکەوە، وەک چەمکی (جوانی و پاکی، ڕابردوو، ئەمڕۆ، پاکی، پیسی، ڕاستی، خواری، ئێستا و ئەوسا) پانتایی دەقەکەیان داگیر کردوە–.

ئەوەی لە دەقی بۆ(جەهەنەم بیرەوەریەکان) ی کەژاڵ هەستی پێدەکەین، وەک دەنگێکی ڕاستەقینەی ژن، وەک تاکێکی بەسوودی کۆمەڵگا، تەواوی ئەو یادەوەریە دۆنکیشوەتیانە تورِ دەداتە سەرنوێلکی مێژووەوەو چی تر وەک مێژوویەکی ڕابردووش لێیان ناڕوانێ، بەڵکو ڕەوانەی دۆزەخی دەکات، تاوەکو بەهیچ جورێک ئەو مێژووانە دووبارە نەبنەوە، ڕابردویەک کەهەرچی جوانی کوشتبێ ..ڕابردوویەک ژیانی ئێمەی وەک گۆچان چەوت و خوار خێچ کردبێ، ئیدی چۆن ڕەوانەی دۆزەخیان ناکات، ئەو وەک دەنگێکی جدی شعر بەدوای کیشوەرێکی نوێ دا دەگەڕێ تاوەکو ئارامی چنگ بکەوێ، هەڵبەتە ئەو کیشوەرە لەسەر زەمین نییە، بەڵکو لەهەسارەیەکی تر و ژیانێکی تردا خەونەکانی تیا تەحقیق بکات.

*** یەکێکە لەشیعرەکانی نێو دیوانی ( دەمکوژێنیتەوە بۆئەوەی دابگیرسێم)**



# دڵم بۆنی بارانی لێدێت

ئەو گەڵایانەم
بۆهەڵناگیرێتەوە!!
دەستم لە یەخەی ،
ئەم قەدەرە شومەی خۆم
نابێتە وە
ئەویم بۆ ناهێنرێتەوە بۆ ئێرە
ئەم ئەزەلیەتە دەم و چاو
گرژەم،
بۆ ناخرێتەوە سەر
جێگاکەی خۆی

ژورەکەم پڕە لە
هەناسەی شکاو،
لەژمارەی هیچ
کراسێکی تەنکم، بۆ ناکرێتە
بەری
ئەم زەردەخەنە ڕوت و
قووتانەی،
بەر دەرگا خاپورکراوەکەم
ئەو پۆستەچیەم بۆ
ناناسرێتەوە
کە قردێلەی لەپەرچی نامە
کوژراوەکانم دەترازان
بە
حەرفێکم حەرفێکی بزێوی ڕاد
ەچڵەکاند.

دڵم بۆنی بارانی لێ دێت!!!

واهەست دەکەم ،
جەستەم ڕەنگی
دار پرتەقاڵەکەی دایکمی گرت
ووە
چی دەبوو ؟؟؟
گەر بم توانیایە!!!
لەچرکە چرکی ،
کاتژمێرەکەی دەستی
ئەزەلیەتی خۆم ،
جیاببومایەتەوەو
لێرەوە
تورەبونێکی چەتونی خۆمم ڕا
بگەیانایە

نا، بڕواناکەم خۆم بۆ
ببرێتەوە،
ژێر سێبەرە چاوکاڵەکەی خۆم
چیتر ناتوانم...
تەماشای شیعری ناو دیوانی،
هاوڕێ درۆزنەکەم بکەم
ناتوانم پەشیمانی خۆم
لەبونی خۆم ڕاگەێنم

دڵم بۆنی بارانی لێ دێت!!
کێ دەڵێت عەشق داناکات ،
ئەی ئەوە نییە
هەموو بەیانیەك
بەبێ چەتر....

بەخۆم
و هەناسە شکاوەکانمەوە
بەکۆڵانی دڵتا دەڕۆم
سات بەساتی بێزاری خۆمت
،
بۆ دەخەمە سەر مێزەکەت و


پێت دەڵێم:-
گیانەکەم....
با کراسێك بۆ بەری ئەم
کەونە درۆزنە بدورین
با
ساتێك هەوای ئازادی پێکەوە
هەڵمژین
گۆرانیەك بەقەدەری ئەم ئێن
جانە تۆراوانەدا
شۆڕکەینەوە
دڵم بۆنی بارانی لێ دێت!!!!

**حەکیم میرزا**



بەرهەمی
تازەی
هونەرمەند
هیوا ساڵح

گۆشەی ئەدەب و هونەر



# " پێکەنینت لە پایزدا"

**هەژیر نینا**

پێکەنینت لە پایزدا
لەبەردەم،
نەنووسراوەکانی زستانما ڕاوەستاوە
پەنجەی لە گۆی بەفرانبارەو،
لێوم بەدەم خەزەڵوەریەوە ئەلەرزێ
چ وێرانە، خەیاڵی ئەم ئەندێشە
هەنسك و گریانە دەردی ئەم پایزە
ئەوە منم!
ئەم ئێوارە لەسەر شانت
گومانەکان ئەسڕمەوە
لای ئەستێرەیەك دادەنیشم
هەموو دووبارەکانت ئەخوێنمەوە
لەپەنجەرەی حەقیقەتەوە
بۆ چەوساوەترین کرێکار دەڕوانم
بۆ لە تێك نان
لەگەڵ ئەوینتا دابەشی کەم
دەچمە شەڕی ڕۆژگار!
لەزاری وتەکانتا یەك دەگرم و
لە مانیفێستی چاوەکانتا
شۆڕشێك بەرپا دەکەم
سەرخە سەر شانی وەرزەکانم
با هیلاکی هەموو ساڵانم دەرچێ
تۆ لە چاوەکانی هەشتی مارس ئەچی
من سەرسام لە ڕێژەتا
چاو لەچاوت داناخەم
ئەرێ تۆ
ئەو سەرەنجەی
لە یەکەم کونگرەدا
هاوارو
دەنگ و ڕەنگ و، هەستم پێدای

# ئەو هۆیانەی وەك ئاماژەن کە خۆری بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو ئاوا بوون دەڕوا!

## نووسینی: حەسەن ڕازانی

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە: من شاگەشکە نابم لە خۆشیدا بە ئاوابوونی خۆری هیچ لایەن و هێزێکی سیاسی لەم کوردوستانەدا کە سەردەمانێک خەڵکێکی زۆری داماوو بەشمەینەت و ستەمدیدەو تووڕە لە دەسەڵاتی لەگەڵدا بوو‌بێت،. بۆ نموونە گۆڕان کە سەردەمانێک زۆرینەی خەڵکی وەزاڵە هاتوو لەدەست دەسەڵاتی خۆیی، هەروەها گەنج و نەوەی دوای ڕاپەڕین بەرەو گۆڕان هەنگاویان نا. گۆڕان ئەوکات تاکە بەدیلی دیارو کاریگەر بوو کە بتوانێت ئەو نەوەیە، تووڕە لە دەسەڵات، وەخۆ بگرێت. ئیتر ڕێبەرایەتی گۆڕان ئەگەر پلان و ئامانجێکی تری شاراوەی هەبووە جیا لەو پلان وئامانجە ئاشکرایەی کە خەڵکەکە بینیویەتی ئەوە مەسەلەیەکی ترە. مێژوو پڕە لەو نموونانە. نابێ هیچ کەسیش ئەم بۆچوونانەی من وا لێک بداتەوە کە من پاساو بۆ شکستەکانی گۆڕان دەهێنمەوە و پشتگیری لە گۆڕان دەکەم. ئەم نووسینەم نە وەک پاساو نووسیوەو نە وەک ئامۆژگاریش نووسیومە کە بڵێم گۆڕان: ئاگاتان لە خۆتان بێت چونکە ئێوە لەبەر ئەم هۆیانەی کە من نووسیومن بەو مەرەدەی ئێستاتان لێهاتووە. من گۆڕان نیم، بەڵام پەیوەندی دۆستایەتیم لەگەڵ هەندێک لە خەڵکی گۆڕان هەیە لە ئاستە جیاجیاکاندا.

بەڵام با لە دیدی خۆمەوە بە ڕوونی ئەوەی کە خۆم پێم وایە ڕاستە، بیخەمە ناو دوو توێی ئەم نووسینەم.

زۆرینەی خەڵکی کوردوستان دادو فیغانیان بوو لەدەست دەسەڵاتی خۆیی کوردی. ڕێبەران و پێکهێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕانیش بە تەواوەتی درکیان کردبوو بە تووڕەیی زۆرینەی خەڵکی کوردوستان، بە تایبەتی چینی گەنج و خەڵکی لە دایکبووی دوای ڕاپەڕین. بە ئاشکرا دیاربوو کە نەوەی خوێن گەرم و گەنجی دوای ڕاپەڕین و خەڵکی تووڕە لە دەسەڵات سەفاو مەڕوای دەکردو بە هەر چوارلای خۆیدا کەوتبووە جووڵە جووڵ بە هیوای دۆزینەوەی چارەیەک بۆ دەربازبوون لەو بێهیوایی و سەرگەردانییە، هەروەها بۆ ڕزگاربوون لەوسیستەمە سیاسییە کە دەسەڵاتی کوردی سەپاندویەتی بەسەر کۆمەڵگeی کوردیدا. بزووتنەوەی گۆڕان هاتە بوون و بە شێوەیەک خۆی دەرخست کە تەنها گۆڕان شوێن و چارەیە کە ئەم خەڵکە بەدوایدا وێڵە. گۆڕان، بە بڕوای من، بۆ ماوەیەکی باش توانی ببێتە باوەشێکی فراوان وگەرم بۆ وەخۆگرتنی ئەو نەوەیەی دوای ڕاپەڕین. ئیتر وردە وردە، ڕۆژلە دوای ڕۆژ، مانگ لە دوای مانگ، ساڵ لە دوای ساڵ، ئەم نەوەیە کە ببووە هەوێن و داینەمۆو هێزی مرۆیی بزوتنەوەی گۆڕان، هەستی بە نامۆیی خۆی دەکرد لە ناو بزووتنەوەکەو هەروەها لە ناو کۆی سیستەمی سیاسی بزووتنەوەکەش ببوە میوان و دۆستێکی ڕەزا گران. بۆیە ئەو نەوەیە کەوتە گومانەوە. ئیتر ڕۆژ بە ڕۆژ کاریگەری ئەو گومانە بەسەر بزووتنەوەکەوە دیاری دەدا.

وا لێرەدا لە دیدی خۆمەوە ئاماژە بەچەند هۆیەکی دیار دەدەم کە بۆچی ئەم بزووتنەوەیە بەرەو پووکانەوەو داڕمان هەنگاو دەنێ یاخود ڕۆیی؟

یەکەم: بە بڕوای من یەکەمین هۆ کە وای لە هێزی مرۆیی گۆڕان کرد کە بکەوێتە گومان و دڕدۆنگییەوە، بریتیبوو لە تێکەڵاوبوونی گۆڕان لەگەڵ دەسەڵات لە ڕێگەی پەڕلەمان و حکومەتەوە.

دووهەم: کاتێک کە دەسەڵات بە هەزارانی لە خەڵکی سیاسی و دۆست و لایەنگرانی گۆڕان سزاداو نان بڕاوی کردن لەسەر ئەوەی کە لەگەڵ گۆڕاندان، گۆڕان نەیتوانی کارێک ئەنجام بدات لە ڕاستای گەڕاندنەوەی نان بۆ نان بڕاوەکان و یا هەر هیچ نەبێ نان بڕاندن بوەستێنی. تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێت هێشتا زۆر لە سزادراوانی سیاسی لەسەر بوون بە گۆڕانیان قەرەبوو نەکراونەتەوەو هێشتاش نان بۆ زۆرێک لە نان بڕاوان نەگەڕاوەتەوە. ئەمەش بوو بەهۆیەکی تری دڕدۆنگ بوونی جەماوەری گۆڕان لە گۆڕان. ئەم نان بڕاوو سزادراوانە لە باتی تووڕەییەکەیان ئاراستەی دەسەڵات بکەن، ئاراستەی گردەکەیان کردوو ڕقی خۆیان بە گردەکە ڕشت. ئەمەش لەسەر گۆڕان و قەبارەی گۆڕان بە خراپی کەوت. دەسەڵاتی سەوزیش کە لە تەنیشتیان بوو ئاگرەی خۆشتر دەکرد.

سێیەم: لە یەکەمین بەشداربوونی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا، گۆڕان بە ئاشکرا دیاربوو کە یەکەمی زۆنی سەوز بوو. ئەمە وای کرد کە زۆنی سەوزی گۆڕی بەرەو نیلی. بەڵام دوای ئەم هەموو بگرەو بەردەیە، سەوز نەی هێشت گۆڕان پارێزگاریشی پێ بدرێت کە دەبوایە زووربەی شوێنە گەورەو هەستیارەکانی ناوچەی سەوز، کە گۆڕا بەرەو نیلی، بەدەست گۆڕانەوە بێت. بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. ئەمەش بووە هۆیەکی تر کە جەماوەری گۆڕانی زیاتر خستە ناو گومان و دڕدۆنگی لە سیاسەتی بزووتنەوەکە. هەر بۆیەش لە هەڵبژاردنی دووەمدا جەماوەری گۆڕان بۆ نیوە دابەزی. ئیتر دابەزین و داڕمانی گۆران بەردەوام بوو.

چوارهەم: نزیک بوونەوەی سەرکردایەتی گۆڕان، وەکو کە دەگوترا، لە پارتی. ئەم نزیکبوونەوەیەی ڕابەرایەتی گۆڕان لە پارتی زیاتر لە لایەن دەسەڵاتی زۆنی سەوزەوە تەرویجی پێ دەدراو زەق دەکرایەوە. ئەمەش بووە خاڵ و هۆیەکی تری باش بۆ ئەوەی گۆڕان لە جەماوەرە ئەسڵەکەی خۆی، کە زۆرینەیان مەیلێکی ئەنتی پارتیانەیان هەبوو، دابماڵرێ.

پێنجەم: نزیک بوونەوەی گۆڕان لە ماڵی تاڵەبانی و نەرمی نواندن لە زۆر ڕووەوە لەگەڵیاندا، نەک لەگەڵ یەکیەتی وەک حیزب. ئەمەش جەماوەری گۆڕانی وە گومان خست. چونکە بە لای جەماوەری گۆڕان و هێزە مرۆییەکەی گۆڕانەوە جیاوزای نییەو نەبووە لە نێوان بنەماڵەی تاڵەبانی و بارزانیدا. ئەمەش بوو بەهۆی دابەزاندنی جەماوەری گۆڕان. چونکە جەماوەرەکەی گۆڕان کە زۆرینەی جەماوەری دوای ڕاپەڕین بوو مەیلێکی ئەنتی بنەماڵەیی و ئەنتی خێڵ و تاقمە گەرییان هەبوو.

شەشەم: سەرباری ئەوەی کە ماوەیەکی زۆریشی بەسەرچوو، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گۆڕان نەیتوانی هیچ پۆستێکی هەستیارو گرنگی ناوچەی سەوزی بە کرداری بکەوێتەدەست. سەرباری ئەوەی کە گۆڕان لە زۆنی سەوزدا زۆرینە بوو. ئەمەش جەماوەری گۆڕانی بێ هیواترکرد.

حەوتەم: کۆچی دوایی نەوشیروان موستەفا کە لە لایەکەوە ڕێکخەری بزووتنەوەکە بوو لە لایەکی تریشە قوتب و تیوریست و کاریزماو هەروەها وەک مێشک و گیانی بزووتنەوەکەش سەیری دەکرا. هەر لە دوای کۆچی دوایی نەوشیروان موستەفا، بزوتنەوەکەش بەرەو فرە کوێخایی و فرە باڵ و فرە بۆچوونی سیاسی هەنگاوی نا. واتە گۆڕان یەک بڕیاریی و ناوەندی بڕیارو مەڕجەعی کۆکرنەوەی بیرڕاکانی لەدەستدا. ئەمەش هێندەی تر گۆڕانی بەرەو هەڵتەکان و پەرش و بڵاوی لە کردارو لە بڕیاردا برد. وای لێهات کەس حسابی بۆ کەسیان نەدەکرد.

هەشتەم: دوای مردنی ڕێکخەری بزوتنەوەکە، کاریگەری ڕاستەوخۆ کەوتە سەر بزوتنەوەکە. بە دانانی ڕێکخەرێکی تر کە لە نێو زۆرایەتی و هێزە مرۆییەکەی گۆڕاندا لایەنگرو دۆست و هاوکاری زۆری نەبوو، وای کرد کە ئەمەش ببێتە هۆی لێ تەکینەوەی بەشێکی ترلە جەماوەری گۆڕان لە بزووتنەوەکە.

نۆهەم: دوای مردنی نەوشیروان موستەفاو دابەشکردنی میراتی بزووتنەوەکە، کە بە ملیۆنان دۆلارمەزندە کراوە، بەسەر بنەماڵەدا، واتە گواستنەوەی خاوەنداریەکەی بۆ کوڕەکانی نەوشیروان، وای کرد کە جەماوەری گۆڕان بۆچوونیان لەسەر ئەم بزوتنەوەیە بە گشتی و بە تایبەتیش لەسەر خودی نەوشیروان موستەفا بگۆڕێت. جەماوەری گۆڕان هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەوەتا نەوشیروان موستەفاش هەمان ڕێچکەی تاڵەبانی و بارزانی گرتە بەر.

دەهەم: زۆرێک لە کەسی دیارو پڕ ئەزموون و خاوەن ئۆتۆریتەی جەماوەری کە لە ناو بزووتنەوەکەدا بوون بزووتنەوەکەیان یا بەجێهێشت یان شوێنیان پێ لەق کراو گوێیان لێ نەدەگیراو هامش کرابوون. بۆیە ئەمەش بە خراپ شکایەوە بەسەر بزووتنەوەکەدا. هەندێکیش سەنگەریان گواستەوەو لەنێو لایەن و حیزبەکانی نێو دەسەڵاتدا بوونە ڕاوێشکاری بەرپرسە باڵاکانی حیزب و حکومەت. کە زۆر بە کارامەیی لە بزووتنەوەی گۆڕانیان دەدا. من پێم وایە کاریگەری ئەو جۆرە کەسانە زۆرتر بووە لەسەر گۆڕان لە هۆیەکانی تر لە سەر بزووتنەوەی گۆڕان کە بەو مەرەدەی ئێستا ڕۆیشتووە.

یازدەهەم: داخرانی پەڕلەمان و ڕێگرتن لە سەرۆکی پەڕلەمان و تەواوی وەزیرەکانی گۆڕان، بە بڕیاری تاکلایەنەی پارتی وەک حیزبی باڵادەست و خاوەن هێز، کە بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، گۆڕانی خستە ناو بازنەی بێچارەیی و بێ توانایی لە زاڵ بوون بەسەر ئەو کێشەیەدا. لەو لاشەوە بێ هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی ناوپەڕلەمان بە تایبەتی دەسەڵاتی زۆنی سەوزی کۆنە هاوڕێیانی ڕێبەرانی گۆڕان نەک هەر ئەم کارەی پارتیان ئیدانە نەکرد، بەڵکو، بە بڕوای من، بۆی هەیە پێشی دڵخۆشبووبن. هەندێکیشیان، وەک دەگوترا، بە نهێنی پشتی پارتیان گرتووە لەو کارەیدا. ئەمەش وای لەبزوتنەوەی گۆڕان کرد کە جەماوەرەکەی لێی بکەوێتە گومان و دەستی بە دوورکەوتنەوە کرد لێی.

دوازدەهەم: هۆی هەرە دیارو زەق و جەرگ بڕبۆ بزووتنەوەی گۆڕان، ئەوە بوو کە دەسەڵاتی زۆنی زەردو سەوز لە زۆر شوێن و کاتدا پشتی یەکتریان دەگرت و سیاسەت و پلانیان لە دژی بزووتنەوەی گۆڕان یەک دەخست. ئەمەش بزووتنەوەکەی دەوەستاند لە پەلهاویشتن و گەشەکردن. نەک هەر ئەوە بەڵکو هەندێک لایەنی سیاسی تریش هەبوون لە نێو پەڕلەماندا هیچیان بە کرداری لێ نەدەبینرا بۆ پشتگیری لە گۆڕان. وە هەندێک جارانیش وەک دەگوترا لە دژی گۆڕان جووڵەو بزوتنیان هەبوو لەگەڵ پارتی و یەکیەتی. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە گۆڕان سەرباری ئەو هەموو کێشەو کەموکوڕیانەی خۆی کە بەدەستیەوە دەیناڵاند، ئەمەشی بۆ زیاد دەکرا. دەگوترا لایەن هەبووە بەجۆرێک ڕقی لە گۆڕان بووە کە ئەگەر خودی خۆشی تێدا بچوایە بەس بۆ ئەوەی گۆڕان تێدا بچێت دەیکردو دەچوو لەگەڵ پارتی و سیاسەتەکانی پارتی خۆی دەگونجان. ئەمانە ئەنتی گۆڕان بوون و هیچی تر. هەروەک کە دەگوترا گرێی دەروونیان لەگەڵ ڕێکخەرەکەی گۆڕان دا هەبوو.

سێزدەهەم: گۆڕان بۆ لاپەڕە 12



## ئاراس ڕەشید: ١٦ی ئۆکتۆبەر درێژکراوەی شکستەکانی حوکمڕانی دەسەلاّتدارانی کوردی (پارتی و یەکێتی به پله یەك) بوو له ماوەی دوای خرۆشانی ١٩٩١ەوه ....

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئاراس رەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە سەبارەت با ١٦ ئۆکتۆبەر و نۆکەرپیشەیی بزوتنەوەی کوردایەتی...

**بۆپێشەوە: هەندێک دەڵێن ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئاکامی شکستی ریفراندۆم بوو، هەندێکیش دەڵێن ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ شکستدانی ریفراندۆم بوو، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی ؟**

**ئاراس ڕەشید:** ڕیفراندۆم وەک مافێکی بێئەملاو ئەولای خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووی سیاسی و پێکهێنانی وڵاتێک لەو جوگرافیایە بە هەرناوێک بێت، وەک شکست ئەژمار ناکرێت. چونکە وەک پڕۆسەی ڕیفراندۆم زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بەجیابوونەوەی کوردستاندا لە عێراق. دەمێنێتەوە سەرئەوەی ئایا کێشمەکێشە ناوەکی و ناوچەیی و زلهێزەکانی دنیا ئاکام و بەرئەنجامی ئەو ڕیفراندۆمەیان چۆن دەوێ و دەیانەوێت بەچ ئاقارێکیدا بەرن بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستان بەرەو کوێ دەڕوات. دەتوانین بڵێین ئەو هەمووە بەرژەوەندیانە لە چ کاتێکدا وا ڕێکدەکەون کە لەبەرژەوەندی خەڵکدا کۆتایی پێ بێت. بەبڕوای من بەشێکی گەورەی کاراکتەری سەرەکی ئەوەبوو کە ئەوهێزانە ڕیفراندۆمیان کرد (بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان) نیەتی ڕیفراندۆمی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرسی کورد نەبوو لە کوردستان! بە ئەندازەی بەکارهێنانی ڕیفراندۆم وەک کارتێکی فشار دوای تەواوبوونی شەڕی داعش و سەرلەنوێ دابەشکردن و داڕشتنەوەی سیاسەتی بەڕێوەبردنی عێراق بەگشتی. چونکە دەسەلاّتدارانی کورد دەیانزانی کە جێگەوڕێگەی سیاسی سەربازیان وەک پێش سەردەمی شەڕی داعش نابێت کە هاوپەیمانان و حکومەتی عێراقیش پێویستی پێیان بێت. لەلایەکی دیکە ئەو دووهێزەی دەسەلاّتدارن لە کوردستان (پارتی و یەکێتی) وەک دووهێزی هەمیشە وەستاو لەبەرامبەر یەکتر و دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کورستان، بەردەوام پشت لە بەرژەوەندیە گشتیەکانی خەڵکی کوردستان و پێشخزمەتی هێزە دەرەکیە ناوچەیی و جیهانیەکان جوڵاونەتەوە. بۆیە بەڕای من زیاتر کۆبوونەوەی ناکۆکییە ناوەکی و دەرەکیەکان بوون بەهۆی ڕووداني ١٦ی ئۆکتۆبەر و هیچ لەبارانەبوونی دەسەلاّتی کوردی بە کاراکتەری سەرەکی دەزانم.

**بۆپێشەوە: ١٦ی ئۆکتۆبەر پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەرەو لاوازی زۆر برد، و کەرکوکیشی لەدەستیان دەرهێنا، ئەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر خەڵکی کوردستان هەبوو؟**

**ئاراس ڕەشید:** پێموایە ١٦ی ئۆکتۆبەر درێژکراوەی شکستەکانی حوکمڕانی دەسەلاّتدارانی کوردی (پارتی و یەکێتی بە پلە یەک) بوو لە ماوەی دوای خرۆشانی ١٩٩١ەوە، فەشەلی بەڕێوەبردنیانە لە ماوەی پتر لە ٢٥ ساڵ. بەدڵنیایی بزووتنەوەی کوردایەتی بەتایبەت لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەگشتی بەرەو لاوازی برد، و حکومەتی ناوەندی جارێکی دیکە بەهێز کردەوە. ڕەنگە ئەو فرسەتەی لەبەردەم دەسەلاّتدارانی کوردایەتی دابوو تاماوەیەکی دوورو درێژی دیکە لەدەستیان دابێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ٥٠٪ یەی کوردستان کە بەهۆی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە بەتەواوی لە دەستیاندا.

زەرەرمەندی گەورەی ١٦ی ئۆکتۆبەر خەڵکی کەرکوک بەتایبەت بوو، چونکە کەرکوک چەقی یەکلاکەرەوەی کێشەی بزووتنەوەی کوردایەتیە، یان باشتر بڵێم ئەو کارتەیە کە ئەو بزووتنەوەیە هەمیشە بەکاری دەهێنت بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی نەک بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکەی. پرسی کورد لەو ناوچانە بەپێی دەستوری نوێی عێراق بۆ چارەسەری ئەو پرسە لە ماددەی ١٤٠ تاماوەیەکی دیکە بە نادیاری دەمێنێتەوە. ئەوە جگە لە زەرە ئابووریەی کە یەکێتی و پارتی لە نەوتی کەرکوک بەریان کەوت. هەروەها خەڵکی کورد زمانی ئەو ناوچانە ژیانێکی پڕ لەدڵەڕاوکێ بەسەر دەبەن. دوایین نموونە بڵاوەپێکردنی هێزە ئەمنیەکانی عێراق لەگەڕەکە کوردنشینەکانی کەرکوک لە شۆرجە و ڕەحیماوا...تاد و گرتنی لاوانی کور، لە دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١. بەهۆکاری بەکارهێنانی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی (کە دیارە ئەمجارە پارتی دەستپێشخەر بووە لەو کێشەیە، بەپێی هەواڵەکان).

**بۆپێشەوە: چ جیاوازییەک، و چ هاوبەشیەک هەیە لەنێوان ٣١ ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەردا؟**

**ئاراس ڕەشید:** چونکە پارتی یەکێتی لە منداڵدانی یەک بزووتنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هاتوونەتە دەرەوە، بۆیە کۆی ئاکار و شێوەکار و بەرنامە و ئەنجامی کارە سیاسیەکانیان لەیەک دەچن. بەڵام هەریەکەی لە سات و کاتێکی جیاواز ڕوودەدەن. ئەم دوو ڕووداوە لە کێشەی پاوانکردنی هێز و دەسەلاّتی ئەم دوو هێزەوە سەرچاوەی گرتووە و هەر چەند ساڵێک دووبارە دەبێتەوە و ڕەگی لە کێشەی (مەلایی و جەلالی قوڵ بۆتەوە). بنەمای ئەم دوو هێزە لەسەر پشتکردنە بەرژەوەندی پرسی کورد و خەڵکی کوردستان، و کرێگرتەیی بۆ وڵاتانی ناوچەکە (ئێران و تورکیا و عێراق) دامەزراوە و سیاسەتیان دادەڕێژن. بە بڕاوی من ئەمە لێکچوونە سەرەکیەکەیە. لێکەوتە هاوبەشەکانیش تێکدانی کەش و هەوای ئارامی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و دەربەدەری خەڵکی کوردستان لەگەڵ خۆی دێنێت. هەروەها پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش بۆ دواوە دەگێڕێتەوە. متمانەی قوڵی جەماوەری نێودەوڵەتیش بۆ پرسی کورد لاواز دەکات.

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ڕێگە لە دووبارەو چەند بارەبوونەوەی ٣١ ئاب و ١٦ی ئۆکتۆبەرەکان بگیرێت؟**

**ئاراس ڕەشید:** ئەوە پرسیارە سەرەکی بناغەییەکەیە. مێژووی ١٠٠ساڵەی بزووتنەوەی کوردایەتی و خرۆشانە چەکداریەکانی ئەم بزووتنەوەیە بەو ڕابەرایەتیەی کە هەیبووە تاوەکو ئێستا سەلماندوویەتی لەوە زیاتریان پێ نییە بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی جەماوەری خەڵکی کوردستان. حکومەتی گەندەڵ و فاشیلی هەرێمی کوردستان ماوەی نزیک بە ٣٠ لە حوکمڕانیەکەی جگە دووبارەکردنەوەی ئاوارەیی و کوشتاری ٣١ ئاب و شەنگال و ١٦ی ئۆکتۆبەر و دابین نەکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان...تاد و داڕووخانی کەرتی پەروەردە و تەندروستی تادەگاتە هەڵوەشانەوەی تەونی کۆمەلایەتی؛ هیچی دیکەی نەکردووە.

بۆیە جەماوەری خەڵکی کوردستان دەبێت هێزی بزووتنەوەی یەکگرتوویی خۆیان لە وەهمی قەومی ئەم حزبانە جیاکەنەوە. چی تر کات و ژیان و گیانی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن لەپێناو بەناو ئالاّ و خاکدا. دەبێت لە گەڕەک وشوێنی کار و ژیانیان وردە وردە بەهۆشیاری کۆمەلایەتی و سیاسی و بەڕێوەبەری خۆیی هێزی خۆیان تاقیکەنەوە و دەستبەرن بۆ هەر شێوەیەک کە بۆیان گونجاوە لە خۆڕێکخستن و پشتیوانی و هاوکاری یەکتر و نزیکتر بوونەوە لەیەکتر لە دەستە و کۆمەڵی بچووکەوە دەستبەکاربن بۆ دروستکردنی بەدیلی ئەم دەسەلاّتە بێدەربەسەتە نا بەرپرسە لە ژیان و زیندەگی خەڵک.

هەڵبژاردنەکانی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ هێزی و بڕوای جەماوەری نیشاندا بە دەربڕینی هەموو شێوەکانی ناڕازیبوونیان بەم سیستەمی بەڕێوەبردنەی سەرتاسەری عێراق، کە خۆی لە نەچوونە دەنگدان و بەتاڵکردنەوەی دەنگەکاندا بینیەوە. بەڵام هەنگاوی یەکەمە هەنگاوی دوای ئەوە خۆڕێکخستنە لەژێر چەتری ڕابەرانی خەڵکی ناڕازی و هۆشیار بە بیری چینایەتی و لەگۆڕنانی ئەم ژیانە پڕ لە ناعەدالەتیە و تورهەڵدانی ئەو حزبانە و سەرانیانە بۆ دەرەوەی مێژووی مرۆڤایەتی. بڕوام وایە هۆشیاری جەماوەر زۆر چۆتە پێش و هەنگاوی زۆر مەحکەمی ناوە لە نموونەی خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ و هەڵوەشانەوەی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی تا دەگات بە کەمکردنەوەی دەنگ و کورسیەکانی پارتی و یەکێتی و شکستی گەورەی بزووتنەوە چەواشەکاریەکەی گۆڕان.

> **پارتی یەکێتی لە منداڵدانی یەك بزووتنەوەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی هاتوونەتە دەرەوە، بۆیە کۆی ئاکار و شێوەکار و بەرنامە و ئەنجامی کارە سیاسیەکانیان لەیەك دەچن. بەڵام هەریەکەی لە سات و کاتێکی جیاواز ڕوودەدەن...**

## درێژەی... ئەو هۆیانەی وەک ئاماژەن کە خۆری بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو ئاوا بوون دەڕوا

بەهۆی مێژووی نەوشیروان موستەفاو کارو کردەوەکانی ئەو لە دژی چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەروەها لە دژی ژنان، کە وەک دەگوترا ئەنتی ژن بوو، وای کرد کە لە دەرەوەو ناوەوەی کوردوستان لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هێرش بۆ سەر نەوشیروان موستەفا بەردەوامی هەبێ. ئەمەش بە خراپ شکایەوە بەسەر بزووتنەوەکەدا. بە بڕوای من ئەم هۆیەش خۆی لە خۆیدا قورسایی زۆری خستە سەر شانی بزووتنەوەی گۆڕان.

چواردەهەم: هەڵبژاردنی کۆتایی کە ١٠-١٠-٢٠٢١ دا کرا گۆڕانی تێدا ڕووت کرایەوەو تەنها گردی ڕووتو قووتی بەدەستەوە مایەوە. هۆی سەرەکی ئەمەش، بە بڕوای من، نزیکبوونەوەی گۆڕان بوو بە تەواوی لە مامە بچووکەکان و ماڵی تاڵەبانی لەژێر ناوی هاوپەیمانیدا. هەتا ئەوەش بڵاوکرایەوە لە دەمی خەڵک و هەندێک بەرپرسەوە کە ماڵباتی تاڵەبانی نیازیان هەبووە بە تەواوی گۆڕان حەل بکەن و تێکەڵاوی خۆیانی بکەنەوە. ئەمەش بە تەواوی ئەو جەماوەرەی کە مابووش لە ناو گۆڕان و هاتووچۆی گردەکەیان دەکرد، کە وەک دەگوترا زیاتر بە مەبەستی زیارەتی پەیکەری نەوشیروان موستەفا بووە نەک جڤات و خانە، ئەویش نەماو ئیتر ئەمانەش هیچیترنیازیان نییە بەرەو گردەکە سەرکەون.

پازدەهەم: گۆڕان لەگەڵ یەکێتیدا لەژێر ناوی هاوپەیمانیدا کە مامی بچووک سەرۆکایەتی دەکرد، هیچ لە کاندیدەکانی گۆڕان دەرنەچوون. ئەمەش هێندەی دیکە جەماوەری گۆڕانی تووڕەکردو و پێیان وابوو گۆڵیان لێکراوە لەلایەن ماڵی تاڵەبانییەوە. بۆیە هێندەی تر گۆڕانخوازان لە گۆڕان دوورکەوتنەوە. کاریگەری ئەم هەڵبژاردنەی کۆتایی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هێشتا بەتەواوی ڕوون نییە بەرەو چ ئاقارێک بزووتنەوەکە ئاراستە دەکا.

شازدەهەم: بڕینی بودجەی حیزبەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە کە دیارە پارتی و یەکێتی بڕیار بەدەستن، وای لە گۆڕان کرد کە بەرەو بێ پارەیی بڕوات و نەتوانێت کارەکانی ڕاپەڕێنێ. لە بەرامبەردا دەسەڵات بە بای پیلان پارەیان تەخشان و پەخشان دەکرد. ئەمەش بوو بە هۆیەکی تر کە گۆڕانی لە نووزە و جووڵە بڕی.

حەڤدەهەم: هەندێک نووسەری نێو یەکیەتیش کە لە سەردەمی شاخدا هەمیشە ناتەبا بوون لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی گۆڕان بە تایبەتی لەگەڵ نەوشیروان موستەفا. ئەمەش وای لەو بەرپرسە نووسەرانە کردوە کە لە ناوشارو سەردەمی باڵادەستی خۆیاندا تۆڵە بە شێوەی جیاجیا لە نەوشیروان و هاوڕێکانی بکەنەوە. ئەمەش بە زیانی بزوتنەوەکە تەواو بوو.

هەژدەهەم: هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان دەربارەی خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات لەسلێمانی، بە بڕوای من، کاریگەری خراپی دانا لەسەر جەماوەری گۆڕانخواز. لەبەرئەوەی بەشێکی دیاری بەشداربوانی خۆپیشاندانەکان پێکهاتبوو لە جەماوەری گۆڕان لە ناوشاری سلێمانی و دەوروبەری. بەڵام کاتێک کە لە تەلەفزیۆنی( کەی ئێن ئێن) وە بە بەیانێک ئیدانەی خۆپیشاندان کراو خۆپیشاندانەرانیان بە ئاژاوە گێڕ ناوهێنا هەر لەبەر ئەوەی گوایە هەندێک گەنجی خێر لە خۆ نەدیو بەردیان گرتۆتە هەندێک شوێنی سەر بە حکومەت، کە من لە گەڵ تێکدانی دام و دەزگای حکومی نیم بە هیچ شێوەیەک، جەماوەری گۆڕانخوازیان بە تەواوەتی خستە گومانەوەو لە گۆڕان و گردەکەیان دردۆنگ کرد. ئا لەو کاتەدا تەواوی میدیای سەر بەو لایەنانەی کە ناتەبا بوون لەگەڵ گۆڕان ئەوانیش ئاگرەکەیان خۆشتر دەکردو جەماوەری گۆڕانیان لە گردەکە زیاتر تووڕەو وەگومان دەخست. ئەمەش هۆیەکی تر بوو لەوەی کە گۆڕانی لە جەماوەرەکەی تەریک کردەوە.

زۆر هۆی تریش هەن بەڵام بە بڕوای من با لێرەدا بەس بێت بۆ ئەم نووسینە. بە بڕوای من هۆی شکست و داڕمانی جەماوەری گۆڕان هەنگاو بە هەنگاو، ڕۆژ دوای ڕۆژ، هەروەها ساڵ دوای ساڵ، هۆیەکەی نە ڕێکخەرەو نە جڤاتەو نە خانەو ڕایەڵەکانە بە تەنها، بەڵکو هۆ سەرەکییەکە بریتییە لەکۆی بەرنامەو سیستەمی سیاسی بزووتنەوەکە کە لە دوای ٢٠٠٩وە دەستی بەلادان کردووە لەو سیستەم و دیدگا سیاسییەی پێشووی کە جەماوەری گۆڕانخواز باوەڕیان پێی هەبوو. گۆڕان نەیتوانیوە ببێتە مینبەری نەوە و خەڵکی دوای ڕاپەڕین و گەنجی خوێنگەرم و تووڕە لە سیستەمی بنەماڵەیی. جەماوەری تووڕە لە دەسەڵات ڕۆژ بە ڕۆژ ئیتر تێگەییشت کە سیاسەت و سیستەمی گۆڕان و بەرنامەی کارەکانی گۆڕان لە دۆڵێکن و ئەوەی کە خەڵک و جەماوەرەکەی گۆڕانیش دەیەوێت لە دۆڵێکی ترە. ئیتر ئەوەیە ئەنجامەکەیەتی و ئەمەش لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووی نەداوە.

لە کۆتاییدا پێم خۆشە دەربارەی ئەم مەسەلەیە ئەم دوو چوارینەتان پێشکەش بکەم بۆ زاخاوی مێشک. کە هەر خۆم نووسیومن.

**گردەکەی گۆڕان، بۆچی چۆڵکرا؟**
**بۆ وا بەم زوییە، بەم دەردە برا؟**
**ئایا هۆیەکەی، خەتای عومەرە؟**
**یا شتی ترەو، وا لای جووت برا؟**

________________________________

**ململانێی ئێستای، بزووتنەوەی گۆڕان**
**لەگەڵ داڕمان و، جەماوەر تۆران!**
**هەروەک و خزمان، لە پشدەر دەڵێن:**
**کەپەنکت بۆچیە، لە دوای باو و بۆران!**

## درێژەی دوا وتە

نەیتوانی پرسی راپرسی رابگرێت و نەیشی توانی خەڵکی کوردستان لەبەشداری فراوان لە ریفراندۆمدا، پاشگەز یان سارد بکاتەوە. ریفراندۆم ئاکامیکی سەرکەوتوانەی بەدەست هێناو لەپێش هەموو شتیکیشەوە ئەو ڕاستیەی جێگیر کردەوە، کە خەڵکی کوردستان خوازیاری سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیەتی و ئەم ویستەشی بە کردەوە لە بەشداری لە ریفراندۆمدا بەرجەستە کرد. لەو نێوەشدا پارتی کە بۆ مەبەستی تر ببووە ئاڵاهەڵگری ریفراندۆم، و خۆی بەستەوە بە پرسێکی هەستیاری سیاسی و حقوقی مێژووی و ئاڵۆزی کیشەی خەڵکی کوردستانەوە سەرمایەکی گەورەی سیاسی بۆخۆی پاشەکەوت کرد و پارسەنگی هێزی لە گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا، بەسودی خۆی ئاڵوگۆڕ بەسەردا هێناو پاشەکشەی بەپێگەو جێگاو ڕێگای هەموو حزبە سیاسیەکانی تری ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، کرد. ئەم ئاڵوگۆرە لە پێگەی پارتی بە زیانی یەکێتی و هەموو حزب و لایەنەکانی تر، باڵی خۆبەخاوەنزانینی یەکێتی و توندڕەوی ناو یەکێتی لەخەوێکی قوڵ و شکستێکی گەورە بێدارکردەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە ئەم باڵە ویستی بەخۆبەستنەوە بە دەسەڵاتی بەغداو نیشاندانەوەی عادەت پیشەیی بۆ ئیران و تورکیا، بەشداری لە هێرش بۆسەر ناوچە کیشەلەسەرەکانی کوردستاندا، هەم پارتی توشی شکست بکات و هەم ئاڵای وەستانەوە بەدژی پارتی و سیاسەتەکانی و دارشتنی نەخشەی ململانێی ئایندە لەگەڵ پارتیدا، بەدەستەوە بگرێت، بەڵام ئەمە بەنرخی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ریفراندۆم و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کورستاندا بووە هۆی ئەوە باجەکەش هەر ئەو باڵە نۆکەر پیشەییە بیدات. ناوچە کێشە لەسەرەکان و کەرکوک و کە ناوچەو پیگەی جەماوەری یەکێتی" قودسی کوردستان"ی تاڵەبانی مەرحوم بوو!!" نەک بۆ کاتێکی کورت کە سەرانی پێشلەشکری یەکێتی کاتی هێرشەکە رایانگەیاند، بەڵکو بە تەواوەتی لە دەست یەکێتی، دەرهێناو بوای وینەگرتنی سێلفیش بۆ ئاراس تاڵەبانیەکانی بنەماڵەی تاڵەبانی لەو ناوچانە نەما.

١٦ ئۆکتۆبەر، نەبوو بەخێر بەرەکەت بۆ باڵی نۆکەر پیشەیی یەکێتی، و ئاکامی ریفراندۆمیشی پێ زیندەبەچاڵ نەکرا. پارتیش وەکو هێزێکی سەرەکی لەگەڵ ئەوەدا پێگەو قەڵەمرەویەکەی گورزێکی کاتی بەرکەوت، و بەشێک لەدەسەڵاتەکانی لە پرسی حکومەتداریدا لێسەندرایەوە، بەڵام لەسەر سەرمایەی سیاسی کە بەخۆبەستنەوە بە ریفراندۆم و پرسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بەدەستی هێنابوو، لەچاو یەکیتی و باڵی خۆشخزمەتچی یەکێتیدا، توانی باڵانس و پێگەی سیاسی خۆی لە کوردستاندا بەدەست بهێنیتەوە و دووبارە بریاردان لەسەر پرسە سیاسیە چارەنووسازەکان، چ لە ئاستی عیراق و کوردستان و ناوچەکەدا، بەدەستەوە بگرێت و لەسەر ئاستی کایەی دیموکراسی بۆرژوایی و هەڵبژاردن!! ...تاد... براوە بێت.

ئێستا کەچوار ساڵ بەسەر پرسی ریفراندۆم و کردەوەی نۆکەرپیشەیی باڵی میراتگری تاڵەبانی تێپەر دەبێت... یەکێتی لەهەموو بارێکەوە چۆتە دواوە. پارتیش لە هێرشی بەردەوامی سیاسی و جێ قایمکردنی زۆتری خۆیدایەو هەنگاوەکانیشی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە زۆنی سەوزو نیلیدا دەستپێکردووە. پارتی بەو جێگاو رێگا تازەیەوە کە بەدەستی هێنا، نەک دەستی حزبە سیاسیەکانی تری لە ئاستی هەرێم و ژێر سایەی خۆیدا کورت کردۆتەوە یان کردونی بە پاشکۆی سیاسەتەکانی خۆی، بەڵکو ئێستا ڕێگری لە سیاسەت و پرۆژەو نەخشەکانی یەکێتی لە زۆنی سەوزو پێگەی جەماوەری یەکێتیشدا دەکات. وە هەموو جومگە گرنگ و بڕیاردەرە گرنگە سیاسی و چارەنووسازەکانی لەدەست خۆیدا مۆڵ کردووە.

هەموو ئەم واقعیەتانە، شکستی یەکیتی بەگشتی و باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی بەتایبەتی بەیان دەکات، لەوەش واوەتر مایەپوچ بوونی نەخشەی نۆکەر پیشەیەکەی یەکێتی بۆ عێراق و ئیران نیشاندا. ئەگەر پارتی لەنۆکەر پیشەیی خۆی لە ٣١ ئابدا، توانی باڵانسی هێزو قەڵەمرەوی سیاسی خۆی لەبەرامبەر یەکێتیدا دابسەپینیت و بیکاتە ئەمری واقعی کوردستان و یەکێتی و هێزەکانی تریش ناچار بکات، ئەو تاڵاوە بچێژن. ئەوا یەکێتی بەهۆی ١٦ ئابەوە، بووە قوربانییە سەرەکیەکە و دۆڕاو لە گەمە و پیشبرکێی و کرێگرتەیەدا.

خەڵکی کوردستان، دوای چوار ساڵ بەسەر کردەوەی عادەت پیشەیی یەکێتی" باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی" بۆ سوپای عێراق و سلێمانی قاسمیانی و ئیران و بەهێزبوونی پێگەی پارتی، ئێستا دوو راستی ئەزموونکراویان لەبەردەستە کە دەشێ ببێتە سەرمایەی سیاسی بۆ داهاتوویان. یەکەمیان: چ پارتی و چ یەکێتی بۆ راگرتنی باڵانسی نێوانیان و جەنگی باڵادەستی لە کوردستاندا، سڵ لە هیچ کرێگرتەیی و نۆکەرایەتیەک ناکەنەوە، دەیان جاری تریش ئامادەن، ئەو رێگا شەرماوەرە بگرنە بەر. دووەم: گەرانەوەی پارتی بۆ بەغداو پشتکردنە ئاکامی ریفراندۆم، دیسان ئەوەی نیشاندا کە پارتی ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆیی و وڵاتێکی سەربەخۆ بەدەستەوە نەگرت، بەڵکو بۆ ئەوەی بوو لەلایەکەوە کێشەی کورد بە ریفراندۆمەوە بکاتە کارتی سات و سەودای داهاتوو لەگەڵ بەغداو وڵاتانی ناوچەکەو لەلایەکی تریشەوە شکاندنی زۆرتری یەکێتی و پاشەکشەپێکردنی و تەسلیم کردنی هێزەکانی تری بۆرژوازی کوردیش بە دەسەڵات و حکومدارییە کۆنەپەرست و سەرکوتگەریەکەی.

ئەمرۆ خەڵکی کوردستان ڕووبەڕووە لەگەڵ دەسەڵاتێکی پارێزەری سەرمایە، کەزوربەی لایەنە سیاسیە بۆرژوازییەکانی لەناو کابینەی نۆهەمدا کۆکردۆتەوە، و درۆی ئۆپۆزیسیۆنیشی خستۆتە روو کە پێشتر بانگەشەی شەفافیەت، و چاکسازی و گۆرانکاریان دەکرد. ئێستا هەموو ئەو هێزانە، لەگەڵ پارتی خاوەنی لە ٣١ ئاب و ١٦ ئۆکتۆبەردا، دەستیان لەناودەستی یەکترەو بەخۆبەستنەوەشیان بە وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و چاو برینە بەغدا، پەیامی درێژەدان بە ٣١ ئابەکان و ١٦ ئۆکتۆبەرەکان، رادەگەیەنن.

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

حەسەن ڕازانی، ئاراس رەشید، سەدار عەبدوڵا حەمە عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، هەژیر نینا....

**لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"چوارەمین ساڵیادی تاوانی ١٦ ئۆکتۆبەر "**

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

## چەند شیعریکی/ خالید بایەزیدی(دلیر)



پێویستمان

بە کرێکارێکە...

سەعاتی کار

کازیوەی بەری بەیان

بەڵام! گەڕانەوەی نادیار

-٢

کرێکاران

بۆ پارووەک نان

دەستیان قەڵیشاوە

ئەوان لەگەڵ ئیش و ئازارەکانیان

دادەنیشن...

پیاسە دەکەن

دەخەون....دەمرن

کرێکاران

مەجبورن بە جێگای چەند کەس ئیش بکەن

ئەوان دەستە قلیشاوەکانیان

لە خوشەویستەکانیان

دەشارنەوە

تاکوو نەبادا !

لە ئەوین وخوشەویستیان

پەشیمان ببنەوە

وە تاکوو هیچ کات نەزانن

خوڵقینەری جیهانن

وە خوایان لەبیرچێتەوە

ئەوان چاوە غەمبارەکانیان

بە پێکەنین دەشارنەوە

تاکوو کەس هەست بە ئازارەکانیان نەکەن

ئەوان تەنیا بۆ»نان «دەژین

خۆشی و ژیان

لە جەستەی ماندو و هیلاکیان دەنێژن


## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح




## دوا وتە

# لەچوارەمین ساڵیادی ١٦ ئۆکتۆبەر و نۆکەرپیشەیی یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتیدا!!

**عەبدوڵا مەحمود**



لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، باڵێکی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، باڵی میراتگری تاڵەبانی، دەستیان خستە ناو دەستی سوپاو حەشدی شەعبی و قاسم سلێمانی، بۆ هێرشی چەکداری بۆسەر شاری کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان. لەم کردەوە نۆکەرپیشەیەدا، ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی ئەو ناوچانە ئاوارەبوون، ژمارەیەکی زۆر لە خەلکی بێتاوان کوژران و برینداربوون و خەڵکیکی زۆر ماڵ وێران کران و بەدەیان پێشمەرگە ژێر دەبابە خران و کوژران، سەرئەنجامیش شاری کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان لەدەست حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرهێنراو کەوتەوە دەستی دەسەڵاتی ڕەشی ناوەند. هاوسەنگی هێز لەنیوان بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی قەومی عێراق بە سودی دەسەڵاتی بەغدا ئاڵوگۆری بەسەدا هات و برگەیەکی نوێ لە ململانێی نێوان بەغداو هەولێر دەستی پێکرد.

یەکگرتنەوەی بەرژەوەندی دەسەڵاتی عروبەی قەومی و ئیسلامی شیعی، لەگەڵ باڵی میراتگری مەرحوم!! تاڵەبانی، لەدرێژەی وەستانەوە بەدژی پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستاندا بوو. پرسی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان کە پارتی نەک هەرخۆی پێوە گرێدابوو، بەڵکو ببووە ئاڵاهەڵگری، یەکێتی نیشتیمانی کردبووە حزبێکی گوێ ڕادێر، زەلیل و بێ پرۆژە، بەتایبەتیش دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سەرەکی و سەربازی لەدژی داعش. باڵی تاڵەبانی کە لەدوای تاڵەبانییەوە خۆیان بەمیراتگر و خاوەنی یەکێتی نیشتیمانی دەزانی، ویستیان لە ریگای خۆبەستنەوە بە بەغدا و درێژەدان بە دژایەتی ریفراندۆمەوە، لەلایەکەوە گورز لە باڵە نەیارەکانی ناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتی نیشتیمانی بدەن و لەلایەکی تریشەوە تۆڵەی کردەوەی نۆکەر پیشەیی ٣١ ئاب لەپارتی بکەنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا وەستانەوە بەرووی ریفراندۆمدا، هەوڵی باڵی خۆ بەخاوەنزانینی یەکێتی بوو، بۆ خۆجوتکردن لەگەڵ سیاسەت و پلانی وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە لەوانە عیراق، ئیران، تورکیا بەدژی ریفراندۆم و ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستاندا.

١٦ ئۆکتۆبەر... زۆر شتی گۆڕی ئاکامی ریفراندۆم نەبێت. دژایەتی کردنی ئەنجامدانی ریفراندۆم

بۆ لاپەڕە 12